دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٥٥، سێشەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com



«نێچیرڤان بارزانی» سپاسی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد ٢

«قوباد تاڵەبانی» سپاسی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد ٢

دەورە نیزامییەکانی ڕێکخستنی ئاشکرا کۆتایی پێهات ٢

حیزبی دێموکرات و پرسە نەتەوایەتییەکان ٤



ژنان لە حیزبی دێموکراتدا ٦



قسەکانی حەسەن ڕووحانی لەبارەی کڕینی چەکوچۆڵەوە ٨



ئەمنییەتی ژنان لە شوێنی کار و کۆمەڵگا ١٠


## پەیڤ

## لووتکەی گەرمی

کەریم پەرویزی

١٥ی گەلاوێژ بە پێی حیسابی ژمارە دەبێتە نیوەی هاوین و بە پێی ئەستێرەناسیی کوردی، کاتی هەڵهاتنی ئەستێرەی گەلاوێژە کە گەرمیی هاوین لە لووتکەدایە و لەوە بەدوا بەرەو داکشان دەچێ. گەرمای سروشت، لە مێژووی سیاسیی کورددا پێچەوانەی گەرمای سیاسەت بووە. ڕێک وەکوو بڵێی شاخێکی بەرز وێنەکەی کەوتبێتە نێو دەریایەکی پەنای شاخەکە. لووتکەی شاخەکە لە نێو ئاوەکەدا قووڵترین خاڵە و داکشان لە شاخ، زایەڵەکەی لە نێو ئاوەکەدا هەڵکشانە بەرەوە بەرزایی!

ساڵی ١٣٢٤ هەتاویی لە کاتی داکشانی گەرمای هاویندا، سیاسەتی کوردستان ڕووی لە هەڵکشان نا. لە ٢٥ی گەلاوێژدا پێشەوای کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند و هەرچی گەرمای سرووشت کەمتر دەبوو، گەرمای سیاسەتی کوردستان زۆرتر و زۆرتر هەڵدەچوو. چالاکیی حیزبی دێموکرات زۆرتر دەبوو و لە مانگەکانی دواییدا هێزی پێشمەرگەی دامەزراند و دوایین ئاسەواری دەسەڵاتی نیزامیی لە مەهاباد سڕییەوە. ڕێک ١٥٩ ڕۆژ دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و ٦ مانگ دوای لووتکەی گەرمای هاوین، لە لووتکەی سەرمای سروشتدا، گەرمای سیاسەتی کوردستان گەیشتە لووتکە و کۆماری کوردستان دامەزرا.

لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویداین و ١٥ی گەلاوێژ هاتەوە و گەرمای سروشت گەیشتە لووتکە و لێرەبەدواوە بەرەو داکشان دەچێ. هێما و نیشانەکانی سیاسەت لە ئێران و لە کوردستاندا پێمان دەڵێن کە بەپێچەوانەی ڕەوتی گەرمای سروشت، گەرمای سیاسەت ڕوو لە هەڵکشان دەنێ. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ سیفرەکانی سەر دراو لاببا، نیشانەی قەیرانێکی قووڵی ئابوورییە کە هەر ئان و سات ئەگەری تەقانەوەی هەیە. هەر لە ناوچە و جیهانیشدا وردە وردە کێشە و گرفتەکانی کۆماری ئیسلامی زۆرتر و زۆرتر دەبنەوە و لە بواری نیزامییەوە تەنگی پێ هەڵدەچنرێ و لە بواری سیاسی و دیپلۆماتیکیشەوە کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسیی زۆرتر دەگیرێ و هاوپێوەندیی زۆرتر بەدژی ڕێژیمی تاران پێک دەهێنن. لە ئاستی نێو ئێرانیشدا کۆماری ئیسلامی خەریکی گەرمکردنی بازاڕی بەناو هەڵبژاردنی مەجلیسە و هەموو


درێژە لە لاپەڕەی ٣


# جەماران سەرشۆڕانە پاشگەز دەبێتەوە



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥ی گەلاوێژ، سەرکۆماری ڕێژیم لە دانیشتنێکدا لە بینای وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە ئێران لەوانەش تەحریمەکانی ئامریکا، ئەمنیەتی ئاوەکانی کەنداو، هاتنی ناوگانە ئامریکاییەکان بۆ کەنداو و پرسی بەرجام قسەی کرد کە لە بەشێک لە قسەکانیدا و بەلاتاوەوە ئاماژەی بە گەڕانەوەیەکی شەرمەزارانە لە داهاتوویەکی نیزیک لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کرد.

حەسەن ڕوحانی وێڕای ئەوەیکە ئیدعای کردووە توانیویانە لەڕێگەی دەزگای دیپلۆماسییەکەیانەوە! ئامریکا بۆ دوو جار لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا تەریک بخەن و ئەمەی بە دەسکەوتێکی گرینگی دەوڵەتەکەی وەسف کرد، بە زمانی ئاماژە وێڕای هەڕەشەکردن لە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی ڕایگەیاند: «ئاشتی لەگەڵ ئێران دایکی هەموو ئاشتییەکانە و شەڕکردن لەگەڵی دایکی هەموو شەڕەکان!»

ناوبراو بە هەڕەشەکردن لە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی وتوویەتی: «لەمەترسی کەوتنی ئەمنیەتی ئێران بەواتای لەمەترسی کەوتنی ئەمنیەتی خۆیانە»؛ ڕوو لە ئامریکاش وتوویەتی: «ئێوە ناتوانن ئەمنیەتی ئێمە خەوشدار بکەن بەڵام ئاگاتان لە ئەمنیەتی سەربازەکانی خۆتان بێ! ئاشتی لەبەرامبەر ئاشتی، شەڕ لەبەرامبەر شەڕ، نەوت لەبەرامبەر نەوت، ئەمنیەت لەبەرامبەر ئەمنیەت».

هاوکات لەگەڵ ئەم لێدوانانە کە بە زمانی هەڕەشە ئەنجام درا، ناوبراو نەیتوانی ترسی دەزگای ویلایەتیش لە داهاتووی نادیاریان بشارێتەوە و ڕایگەیاند: «تەنانەت ئەگەر ئامریکاش ئامادە نەبێ بگەڕێتەوە بۆ نێو ڕێککەوتننامەی ناوکی ئەوا ئێمە بە بێمەرج هەر ئامادەین دانوستان بکەین».

ئەمەش بەواتای پاشگەزبوونەوەیەکی سەرشۆڕانە دێت لەو هەڵوێستانەی کە تا پێش لە تەحریم کردنی زەریف دەیاننواند!

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٩ی گەلاوێژ وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا، بە فەرمی ‹‹محەممەد جەواد زەریف››، وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی خستە نێو لیستی گەمارۆکانی خۆیەوە کە ئەم هەنگاوە لە چوارچێوەی سیاسەتی «گوشاری لانیزۆر» و بەمەبەستی داخستنی دەزگای بەناودیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە ئاراوە.

ئەوەیکە لە ڕووداوەکانی چەند حەوتووی ڕابردوودا بە زەقی دەرکەوت، بریتی بووە لەوەیکە کۆماری ئیسلامی سەرقاڵی «خنکاندنی ماسییە»! کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشارە نێودەوڵەتییەکاندا و بەتایبەت تەحریمە سیاسی و ئابوورییەکانی ئامریکا کە ڕوونە تێچوویەکی ئەوتۆیشی بۆ ئامریکا نییە، کەوتووەتە ژێر گوشارێکی بێوێنەوە کە هەناسەی لێ بڕیوە، هەربۆیە عەلی خامنەیی تەنیا بە مەرجی مانەوەی خۆی ئامادەیە هەر کارێک بکات. تەنانەت ڕێککەوتن لەگەڵ «شەیتانی گەورە»!

## تێچووی ژیان سنووری ٧,٥ میلیۆن تمەنی تێپەڕاند!

ڕۆژی ١٥ی گەلاوێژ، هەواڵدەریی ئیلنا لەسەر زاری سەرۆکی کۆمیتەی مووچە سەر بە کانوونی بەرزی شۆرا ئیسلامییەکانی کار ڕایگەیاند: تێچووی ژیان لە ڕەشەممەی ساڵی ڕابردوو ٣ میلیۆن و ٧٥٩ هەزار و ٢٦٢ تمەن بوو کە لە کۆتایی خاکەلێوەی ئەمساڵدا ٪٥٧ گەشەی کرد و لە مانگی پووشپەڕیشدا سنووری ٧ میلیۆن و ٥٣١ هەزار و ٥٣٧ تمەنی بەزاند!

بەپێی ئەم ڕاپۆرت و ئامارە لە مانگی ڕابردوودا کرێکاران پێویستییان بە ٣ میلیۆن و ٧٧٢ هەزار تمەن مووچەی زیادی هەبووە تاکوو بتوانن توانای کڕینی خۆیان لە ئاستی یەکەمین ڕۆژی ساڵ ڕابگرن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە مووچەی کرێکاران لە ساڵی نوێدا تەنیا ٦٠٠ هەزار تمەن زیادی کرد.

هاوکات دوایین داتا و زانیارییەکانی بانکی ناوەندی دەریخستووە کە کەلێنی چینایەتی لە ئەمساڵ ڕێکۆردی ١٦ ساڵەی خۆی شکاندووە و زەریبی جینی لە ساڵی ٩٧دا گەیشتووەتە ٠,٤١٣٢ و لە ساڵی ٢٠١٨دا بۆ پلەی ٧٥ی جیهان دابەزیوە!

لەلایەکی دیکەشەوە ناوەندی ئاماری ڕێژیم نرخی هەندێک کەلوپەلی مەسرەفی لە بازاڕەکانی ئێران بڵاو کردۆتەوە کە بەهۆیەوە دەرکەوتووە نرخی کەلوپەلەکانی وەک برنج، مریشک، ڕۆن، شیرەمەنییەکان، میوە و سەوزی لە پووشپەڕی ئەمساڵ بەبەراورد لەگەڵ پووشپەڕی ساڵی ڕابردوو، بەشێوەی نێونجی زیاتر لە ٪٦٠ زیادیان کردووە.

# «نێچیرڤان بارزانی» سپاسی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکدا، سپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

دەقی نامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز مستەفا هیجری

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو و ڕێز؛

بە خۆشحاڵییەوە پەیامی پیرۆزباییتان بۆ هەڵبژاردنم بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێگەیشت. زۆر سپاستان دەکەم، هیوادارم هەموو لایەک بتوانین بۆ سەقامگیری و قووڵکردنەوەی لێکتێگەیشتن، ئاشتی، تەبایی، پێکەوەژیان و لێبوردەیی، لەپێناو داهاتوویەکی باشتردا کار بکەین. هیوای تەندروستی و بەختەوەریتان بۆ دەخوازم.

هەر سەرکەتوو بن.

**نێچیرڤان بارزانی**
**وەک هەمیشە چرای ڕوونکەرەوەی ڕێگای خەباتمان بێ.**

# «قوباد تاڵەبانی» سپاسی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد



جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکدا سپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

دەقی نامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاوێکی گەرم...

بە سپاسەوە، پیرۆزباییەکەتانم بە دەست گەیشت، ئێمەش لەم کابینەیەدا هیواداریین بە پشتگیریی خەڵک و هەموو لایەنەکان، پرۆسەی خزمەتکردنی هاووڵاتییان و بوژاندنەوەی هەرێمی کوردستان بەرەوپێش ببەین و حکومڕانییەکی تەندروست بونیاد بنێین کە جێگەی شانازیی هەموو لایەکمان بێت. بە خەمخۆریشەوە هەوڵ دەدەین بۆ پاراستن و پتەوکردنی برایەتی و یەکڕێزیی نیوان هەموو لایەنە سیاسییەکان لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. دووبارە سپاستان دەکەم و هیوامان سەرفرازیتانە.

**لەگەڵ ڕێزدا**
**قوباد تاڵەبانی**
**جێگری سەرۆک وەزیران**

# هەئیەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد

هەئیەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، سەردانی شۆرای بەڕێوەبەریی کەمپی جێژنیکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ٦ی گەلاوێژ، هەئیەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرستیی ‹‹کەماڵ بەحرەکەیی››، بەرپرسی کۆمیتەی بەحرەکەی یەکیەتی، سەردانی شۆرای بەڕێوەبەری کەمپی جەژنیکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.



ئەم هەئیەتە لە لایەن وەفدێکی حیزب بە سەرپەرستیی «ڕەحیم مەنگووڕی››، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات، پێشوازییان لێکرا.

لەم دانیشتنەدا، هەر دوو لایەن، پرسی کورد و بارودۆخی ناوچەکەیان بەوردی تاوتوێ کرد و هەروەها وەک دوو هێزی دۆست، پێداگرییان لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی کرد و جەختیان لەسەر بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان کردەوە.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی «ڕۆژی کۆیە»دا بەشداریی کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێوڕەسمی «یادی ٥٠ ساڵە و ئارمی زێڕینی ڕۆژی کۆیە»دا، بەشدارییان کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٠ی گەلاوێژ، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی ‹‹فواد خاکی بەیگی››، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی «قائیم مەقامی قەزای کۆیە»، لە «یادی ٥٠ ساڵە و ئارمی زێڕینی ڕۆژی کۆیە»دا، بەشدارییان کرد. لە ڕێوڕەسمەکەدا کە بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە قەزای کۆیە بەشدار بوون، لە چەندین بڕگەی جیاواز و لە بوارەکانی هونەری و وەرزشی و....، یادەکە بەرز ڕاگیرا. لە ڕێوڕەسمەکەدا، پەیامی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکرات خوێندرایەوە. لە ساڵی١٩٦٩ی زایینییەوە، ڕۆژی ١ی مانگی ئاگوست، وەکوو ڕۆژی «شاری کۆیە» ناودێر کراوە.

# دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکرات، پیرۆزبایی لە «میرحازم تەحسین بەگ» کرد

دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نامەیەکدا پیرۆزبایی لە «میرحازم تەحسین بەگ»، وەک میری پەیڕەوانی ئایینی ئێزەدی کرد.

دەقی نامەکە بەم چەشنەیە:

لەگەڵ سڵاو و ڕێزمان؛

بەناوی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی ئەو متمانەبەخشینەتان لێ دەکەین کە لە لایەن پەیڕەوانی ئایینی ئێزەدییەوە بە بەڕێزتان بەخشراوە. هیواداریین بەو هەستە بەرزەتان لەپێناو خزمەت بە خوشک و برا ئێزەدییەکان بۆ سەر ئاو و خاکی باوباپیرانمان و کۆتایی بە تاوانکارییەکانی داعش و نەیارانی دیکەی گەلە ماف پێشێلکراوەکەمان سەرکەوتوو بن و ڕۆڵی مێژوویتان بگێڕن. جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەدنەزیف قادری**

# دەورە نیزامییەکانی ڕێکخستنی ئاشکرا کۆتایی پێهات

بەشی ڕێکخستنی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، بە هاوکاریی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی نیزامیی بەشکۆدا، کۆتایی بە دەورەی نیزامیی ئەندامانی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزب هێنا. ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژ، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات بە هاوکاریی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورە نیزامییەکانی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبیان بەڕێوەبرد.

سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە، بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. دواتر بەشدارانی دەورە بە خواردنی سوێندی وەفاداری بە کوردستان، ڕێبازی شەهیدان و بزووتنەوەی مافخوازیی نەتەوەی کورد، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی دێموکرات، نوێکردەوە. بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە پێکهاتبوو لە ڕێژەی نیزامیی دەستەکانی ١٤١، ١٤٧، ١٥٢، ١٥٨ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەروەها دەستەکانی ١٠٢، ١٦٥، ١٧١ و ١٨٨ی هێزی پشتیوانیی پێشمەرگەی کوردستان. دواتر «کاوە بەهرامی»، بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و لە بەشێکی قسەکانیدا سپاسی دەزگای ڕێکخستنی حیزبی کرد کە بەو شێوە بەرفراوانە لە ڕاستای زیاتر گرێدانی خەباتی شار و شاخدا کار دەکەن و توانیویانە سەرکەوتن تۆمار بکەن و ڕایگەیاند: «دەستخۆشی لە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزب دەکەین کە بۆ یەکەمین جار، بە ڕێکخستنێکی بەهێز لە کارێکی هاوبەشدا، لە قۆناغی ڕاسان، بۆ لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار بە شێوەیەکی فەرمی توانی ئەم دەورە نیزامییانە ڕێک بخات. ڕێکخستنی ئاشکرای حیزب بە شێوەیەکی فەرمی لە بواری نیزامیدا خۆی بۆ قۆناغەکانی دواتری خەباتەکەمان ئامادە دەکات».




ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: «هێزی پێشمەرگەی کوردستان جارێکی دیکە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ هەر چەشنە تێکۆشانێک کە ڕێبەریی حیزبەکەمان پێی بسپێرێت. لە هەلومەرجی ئێستادا هێزی پێشمەرگەی کوردستان پۆتانسیەلی هەموو حەرەکەتێکی نیزامی و شۆڕشگێڕانەی هەیە».

پاشان «دارا ناتق»، جێگری دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، لەم ڕاساتایەدا وتارێکی پێشکەش کرد و لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە هەوڵ و تێکۆشانەکانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ، دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی لە باشووری کوردستان کرد کە بە شێوەیەکی بەرفراوان شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەستپێکی ڕاسانەوە خەبات و تێکۆشان دەکەن. «دارا ناتق» لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕوو لە ئەندامانی ئاشکرای حیزب وتی: «ئێوە ئەو هێز و ئیرادە لە خۆبوردووەن کە هاوکات وەک باسکی بەهێزی ڕاسان و قەڵای لەگیران نەهاتووی شۆڕشگێڕی دێموکرات لە ماوەی ئەم چەند ساڵە، بە هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوونی خۆتان، بە وەرەیەکی بەرزی شۆڕشگێڕییەوە بەشدار بوون». ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا ڕایگەیاند: «خەباتی مافویستیی کورد و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش دەستپێکی ڕاسان جۆرێک بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشابوو و لە مەعادڵاتی ناوچەییدا پەراوێز خرابوو، بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە، جارێکی دیکە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاستدا بووە بە پرسێکی گرینگی ناوچەیی و ڕۆحێکی تازەتان بە باڵای بزووتنەوەی کورددا کرد».

# خۆری نیشتمانی کوردان لە گەلاوێژدا هەڵدێت

بۆ جارێکی دیکە، نیشتمان بە ڕەنگی گەلاوێژ دەڕازێتەوە و ڕێبوارانی مەکتەبی چوارچرا، یادی ٧٤ ساڵەی خەباتی حیزبی دێموکرات زیندوو ڕادەگرن.

ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی پێشوازی لە ٧٤ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری «پیرانشار»، ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی گەلاوێژ، بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی و نووسینی دروشم لە سەر دیوار، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات و ڕاسان دەربڕی و هەروەها بێزاریی خۆیان لە ڕێژیم نیشان دا. ئەو دروشمانەی کە لەو چالاکییەدا نووسرابوون بریتی بوون لە: «بژی ڕاسان، بژی حدکا، قاسملوو قامووسێک بۆ ژیان، مەرگ بۆ خامنەیی».

تێکۆشەرانی دێموکرات، لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شارەدێی ‹‹نێ››، سەر بە شاری مەریوان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شارەدێی ‹‹نێ››، بە نووسینی دروشمگەلی: ‹‹بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران››، ‹‹پیروز بێت ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی قاسملوو و ڕاسان بەردەوامە››، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەم پەیوەندییەدا، وەفادارانی دێموکرات، ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژ، بە ئەنجامدانی چالاکیی بەرینی تەبلیغی و نووسینی دروشم لە گوندی «گونبەد»ی ناوچەی سۆمای ورمێ، پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی حیزبی دێموکرات دەربڕی.

دروشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: «بژی دێموکرات، بژی قاسملوو، ڕێگای شەهیدان درێژەی هەیە، حیزبی دێموکرات فێرگەی بەرگری و شۆڕشە».

هەروەها ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە شوێنێک بە ناوی «قەمچی شەریف»، لە گوندی «گەلێن»ی سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی و نووسینی دروشم، تیشکێک لە هەتاوی خەباتی دێموکراتیان لە گەلاوێژدا، خستە نێو دڵی ئازادیخوازان.

دروشمەکانی ئەو چالاکییەش بریتی بوون لە: «بژی حدکا، بژی قاسملوو، بژی دێموکرات و گەلێن قەڵای دێموکرات».

لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی یەکشەممە، ١٣ی گەلاوێژ، ڕێبوارانی بیرئاگرینی ڕێبازی قاسملووی شەهید لە شاری سنە ، لە ٧٤ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبەکەیاندا، بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی و بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ، پەیمانیان لەگەڵ ئارمان و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نوێ کردەوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی لێی ئەنجام درابوون بریتین لە «شارەکی کوردستان، ئاپارتمانی ویلایەتی فەقیهی شارەکی کوردستان و تەوەکولی فەیزئاوا».

# ڕێژیم لە چالاکیی ئەندامانی حیزبی دێموکرات، ترسی لێ نیشتووە

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە چالاکییەکانی خەڵکی خەباتکاری کوردستان تۆقیوە و بەرپرس و مۆرەکانی، ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا، دروشمە شۆڕشگێڕانەکان دەسڕنەوە. ڕۆژی چوارشەممە، ٩ی گەلاوێژ، بەرپرسی ئیتلاعاتی شاری سەقز کە لە چالاکییەکانی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو شارەدا ئەژنۆی وەلەرزین کەوتووە، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ و بە ڕۆژی ڕووناک و لە شوێنە جیاوازەکانی شاردا، دەستی کردووە بە سڕینەوەی دروشم و چالاکییە تەبلیغییەکان. ئەو شوێنانەی کە بەرپرسی ڕیسوای ئیتلاعاتی ڕێژیم لە شاری سەقز، چالاکیی بوێرانی دێموکراتی لێ سڕیوەتەوە، بریتین لە: «مەیدانی مامۆستا هێمن، دیواری شیرکەتی نەوت و پارکی منداڵ». ئەوە یەکەم جار نییە کە دەستوپەیوەندی و مۆرەکانی ڕێژیم هێرش دەکەنە سەر چالاکیی تەبلیغیی ئەندامانی حیزبی دێموکرات.

هەروەها ئەنجامدانی ئەو کارە لە لایەن بەرپرسی یەکەمی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە، بە مانای داماوی و لاوازیی ئەو ڕێژیمەیە لە بەرانبەر چالاکییەکانی خەڵکی مافخوازی کوردستانەوە.

# گوندی «زەردۆیی» ڕێوڕەسمی چلەی هاوین بەڕێوە دەبات



ڕێوڕەسمی چلەی هاوین لە باخەکانی گوندی زەردۆیی لە ناوچەی باینگان سەر بە شاری پاوە، بە چەندین بڕگەی جیاوازی سپاسگوزارییەوە دەستی پێکرد.
ڕێوڕەسمی کولتووریی «چلەی هاوین»، کە بەهۆی دابەزینی گەرما و هەڵگرتنی بەرهەمی باخەکان بەڕێوە دەچێت و بڕگەگەلی جیاواز، وەکوو: «شانۆ، مۆسیقای کوردی، هەڵپەڕکێ و دابەشکردنی بەرهەمی باخەکان» لەخۆ دەگرێت، لە گوندی زەردۆیی سەر بە شاری پاوە لە پارێزگای کرماشاندا، دەستی پێکرد.
خەڵک لەم ڕێوڕەسمەدا، بە لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەنگامە، ژەندنی مۆسیقای کوردی، ڕێکخستنی ڕەشبەڵەکی کوردەواری و هەڵکردن و هەڵگرتنی ئاگر و دروستکردنی بووکەڵە لە شێوەی ژن و پیاو، سپاسگوزاریی سروشت دەکەن و هیوا دەخوازن کە سروشت و یەزدان گوندەکەیان لە باران و ئاو و ئاوەدانی بێبەش نەکەن.
لەم ڕێوڕەسمەدا، بەشداربووان بووکەڵەکان دەخەنە نێو چۆم و ڕووبارەکانەوە و بەو شێوەیە سپاسگوزاری لە سروشت و یەزدان دەکەن و داوایان لێدەکەن کە ساڵی داهاتووش پڕ بێت لە باران و فەڕ و خێر و بەرەکەت و لەگەڵ بارانی بەڕەحمەتیشدا، ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بەسەریاندا بڕێژن.
ئەم ڕێوڕەسمە کە بە ڕێوڕەسمی سپاسگوزاریی ئاو و ئاوەدانی، یان هەمان «بووکە بەبارانێ» ناودێر کراوە، لە دێرزەمانەوە تاکوو ئەمڕۆ بەردەوامە و ڕیشەیەکی هەزاران ساڵەی هەیە کە ئەمڕۆش بەڕێوەدەچێت و دەوترێت کە ڕیشەکەی بۆ سەردەمی «میترایزم» دەگەڕێتەوە.



بەڕێوبەریی میراتی فەرهەنگیی پارێزگای کرماشان، دۆزینەوەی ئاتەشگایەکی سەردەمی مادەکانی لە شاری «گێڵان»دا ڕاگەیاند.
هەواڵدەرییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران بڵاویان کردووەتەوە ، «ئومید قادری»، بەرپرسی گشتیی میراتی فەرهەنگیی پارێزگای کرماشان باسی لە دۆزینەوەی ئاتەشگایەکی کۆن لە شاری گێڵان کردبوو کە گوایە کەڵکی سەرەکیی ئەو بینایە ئاتەشگا بووە و مێژینەکەی بۆ دەورانی مادەکان دەگەڕێتەوە. هەروەها ناوبراو باسی لەوە کردبوو کە پاش هاتنی ئایینی ئیسلام، ئەو ئاتەشگایە کەڵکی دیکەی وەک: «کوورەی تواندنەوەی ئاسن» و «پەرستگە» بووە.
ئەو بینایە دەکەوێتە ٨٠٠ میتریی باکووری شاری گێڵانەوە، بەرەو گوندی «خاڵۆ خاڵۆ»، کە پێک دێت لە چوارتاقییەک و ڕێڕەو و هەیوانگەلێکی گرێدراو پێوە، کە لە گەچی نیوە سووتاو و بەرد، دروست کراوە.

## ڕێژیمی ئێران، هێز و چەکوچۆڵ دەنێرێتە کوردستان

ڕێژیم، بەردەوام و بە مەبەستی میلیتاریزەکردن و گوشاری زیاتر بۆ سەر خەڵکی کوردستان، هێز و چەکوچۆڵ دەنێرێتە شارەکانی کوردستان.
لە شاری سەقز، ڕێژیم لە هەوڵێکی نوێدا و بە مەبەستی زیاتر نیزامیکردنەوەی دۆخی شارەکە و دەوروبەری، بە بەکارهێنانی هێزەکانی «ئینتیزامی و پۆلیسی ڕێگاوبان»، مەیدانی «موکریان»ی ئەو شارەیان بەستووە.
هەروەها ڕێگای هاتوچۆی هاووڵاتییانیان نەداوە و لە ناکاو هێزێکی زۆر بە ماشینی ڕەش و چەکوچۆڵی قورس، خۆیان بە نێو مۆڵگەیەکیان لەنێو «حەنزەڵە»دا کردووە.
هەر لەم پەیوەندییەدا باس لەوە کراوە کە ڕێژیمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی، بەردەوام لە نەغەدەوە هێز ڕەوانەی شاری شنۆ و ناوچە شاخاوییەکانی کێلەشین دەکات.
ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بەو کردەوانە و بە میلیتاریزەکردن و سەپاندنی دۆخی نیزامی بەسەر ناوچەکەدا، لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوت و هەروەها چاوترسێنکردنی خەڵکی ئەو شارانەدایە.

## سەوڵاوا و هەورامان شارەداریان نییە




شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەگەرچی لەگەڵ کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاری بەرەوڕوون، ئێستاکە شارەداریشیان نییە.
دوای تێپەڕبوونی چەند مانگ، هەتا ئێستا شاری سەوڵاوا و هەورامانی تەخت، شارەداریان نییە و بە سەرپەرەست ئیدارە دەکرێن.
دیاری نەکردنی شارەداری لە لایەن ڕێژیمەوە، بۆ مەبەستی دیاریکراوە، هەتا ڕێژیم مۆرەی خۆی لەو شوێنانەی خۆی دابمەزرێنێت شارستانی سەوڵاوا دوو شارەداریی هەیە کە دوای ٩ مانگ هەتا ئێستا شارەداریان نییە. شارستانی سەوڵاوا لەگەڵ کێشەی نەبوونی فەزای سەوز، نەبوونی پارکی گونجاو و قەرز بەرەوڕوویە. نەبوونی بودجە، بەڕێوەنەبردنی بەخشنامەکان، جێبەجێ نەکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و نەدانی مووچەی فەرمانبەران لە ژمارەیەکی زۆر لە ئۆرگانەکانی ڕێژیم، بەردەوام ناڕەزایەتیی خەڵکی لێ کەوتووەتەوە.
کارامەیی سەرجەم شارەدارییەکان لە سەرتاسەری ئێران، بەتایبەتی شارە کوردنشینەکاندا، بۆ ئاستێکی نزم دابەزیون و لە ماوەی ڕابردوودا، بەهۆی وەدواکەوتنی مووچە، کرێکاران و فەرمانبەرانی شارەدارییەکانی دێهلۆڕان، مەریوان و دێولان، ناڕەزایەتییان دەربڕیبوو و دەستیان دابووە مانگرتن.
هاوکات «مەهدی بەیگ محەممەدپوور»، شارەداری شاری بیجاڕ، لە دانیشتنێکی هەواڵیدا ڕایگەیاندووە کە مووچەی ٢ مانگ و حەقدەستی ٤ مانگ ئیزافەکاریی کرێکارانی شارەداریی شاری بیجاڕ نەدراوە.
شارەداری بیجاڕ پاساوی گرفتی ئابووریی لە شارەدارییەکاندا بۆ پێنەدانی مووچە و حەقدەستی کرێکارانی ئەو شارەدارییەی هێناوەتەوە و بە هێنانە بەر باسی قەول و بەڵێنیی دوور لە ڕاستی بۆ تەواوکردنی پرۆژە ناتەواوەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لەو وتووێژەدا، ئەو گرفتەی بە بابەتێکی سووک و سادە داوەتە چاو. ئەمە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی خەڵکی شارەکانی کوردستان، لەژێر هێڵی هەژاریدان و ئەمە گرفتێکی گەورەیە و بەرپرسانی ڕێژیم لە شارەکاندا بە ئاسانی و بە بێخەمی باسی لێوە دەکەن.
لە هەواڵێکی سەرنجڕاکێشیشدا کە ماڵپەڕی کوردستان میدیا بڵاوی کردۆتەوە هاتووە: شارەداریی شاری سنە، بە خەڵکی ئەو شارەی ڕاگەیاندووە کە توانای گۆڕینی زبڵدانەکانی نێو کۆڵانەکانی نییە.
دوای ئەوەی زبڵدانی یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری سنە دەشکێت و بەهۆیەوە زبڵەکانی لەنێو کۆڵاندا بڵاو دەبنەوە و ئەمەش سەرەڕای بەخشینی سیمایەکی ناشیرین، بووەتە هۆی بڵاوکردنەوەی بۆنێکی ناخۆش.
لەم وەرزەدا کە پلەی گەرما لەسەرێیە، ڕژانی زبڵ هەڕەشەیەکە بۆ سەر تەندروستیی دانیشتووانی ئەو کۆڵانە.
خەڵکی نیشتەجێی ئەم کۆڵانە، بۆ دابینکردنی زبڵدان بۆ کۆڵانەکەیان، چەند جارێک سەردانی شارەداریی شاری سنەیان کردووە، بەڵام لەگەڵ وڵامی سەیری نەبوونی زبڵدان و ناتەوانیی شارەداری بۆ دابینکردنی زبڵدان، ڕووبەڕوو بوونەتەوە.
شاری سنە، وەک سەرجەم شارە کوردنشینەکانی دیکەی ئێران، لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، پەراوێز خراوە و بە دژواری لەم شارەدا دەتوانی نموونەی خزمەتگوزاری و ئاودانکردنەوە ببینی، کە لە نوێترین پشتگوێخستنەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دابیننەکردنی زبڵدانە بۆ کۆڵانەکانی ئەم شارە.

## شاخ و لێڕەوارەکانی کوردستان لە ئاگری کەمتەرخەمیدا



ئاگرکەوتنەوە لە شارەکانی کوردستاندا بەردوامە و ڕێژەیەکی بەرچاو لە لێڕەوار و دارستانەکان، لە ئاگری کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی ڕێژیمدا سووتاون و بوونەتە خۆڵەمێش. بەپێی هەواڵ، وێنە و گرتە ڤیدیۆیە بڵاوکراوەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئاگر لە زۆربەی شار و شوێنەکانی کوردستاندا، وەکوو: «گێلانغەربی پارێزگای کرماشان، لێڕەوارەکانی شاری سەردەشت، زەوییەکانی گوندی کانی سێوی مەهاباد و هەروەها لێڕەوارەکانی مەریوان»، خەسارێکی زۆری بە ژینگەی ئەو ناوچانە گەیاندووە. ئەوەی کە لەم گرتە ڤیدیۆیانەدا دەردەکەوێت، نەبوونی ناوەندەکانی ڕێژیم بۆ کوژاندنەوە و کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەیە و خەڵک خۆیان خەریکی کوژاندنەوەی ئەم ئاگرانەن. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا، لە کوژاندنەوەی ئاگرەکانی کوردستاندا، خەڵک و ئەنجومەنە ژینگەپارێزییە خەڵکییەکان زۆرترین ئەرکیان لەسەر شان بووە. ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە، ٨ و ٩ی گەلاوێژ، بەهۆی ئاگربەردان لە دارستانەکانی دالاهوو، سەر بە شارستانی سەرپێڵ زەهاو، زیاتر لە ١٠٠ هێکتار لە داربەڕوو و لەوەڕگەکانی ئەم دارستانە بوون بە خۆڵەمێش.
بەپێی دوایین هەواڵە پێوەندیدارەکان لە سەرپێڵی زەهاو، ئەم ئاگرانە هۆکارێکی سروشتیی نییە و زۆرتر لە لایەن ڕێژیم و دەستوپەیوەندییەکانیانەوە، بەر دەدرێنە دارستانەکانی کوردستان. هەروەها، ئەم ئاگرانە لە لایەن ژینگەپارێزان و خەڵکی ناوچەکە کۆنترۆڵ کراون و ڕێژیم هیچ هەوڵێکی بۆ کوژاندنەوەیان نەداوە.
ئەم ئاگربەردانانە، لە درێژەی هەوڵ و سیاسەتی ڕێژیم بۆ کاولکاریی سروشت و ژینگەی کوردستان دێت و لە بەرامبەردا، خەڵکی کوردستان بە کەمترین کەرەستەی ئاگرکوژاندنەوە، بەرەوڕووی ئەم ئاگرانە دەبنەوە.
هاووڵاتییەک لەمبارەوە ڕایگەیاندووە: هۆکاری سەرەکیی بەربڵاوبوونەوەی ئەم ئاگرانە، کەمتەرخەمیی بەرپرسانی ڕێژیمە. بە وتەی ئەم هاووڵاتییە، دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان، لە ئاگری کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی ڕێژیمدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەسووتێن و لەنێو دەچن.

### درێژەی پەیف

مۆرەکانی وەگەڕ خستووە تاکوو هەڵبژاردنێکی گەرموگوڕی بۆ دابین بکەن و ڕەوایی ناڕەوای بۆ دەست بخەن. بەڵام ئەمجارە ڕەنگە ئەم هەڵبژاردنە بەو شێوەی کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بۆی سوورەداخ نەکرێتەوە، بەڵکوو گەرماکەی زۆر بەتینتر لەوە بێ کە بیری لێ دەکاتەوە. ڕەنگە خەڵکانی ئێران وەها تووڕە بن لەم ڕێژیمە کە نەک لە هەڵبژاردنەکانیدا بەشداری نەکەن، بەڵکوو کۆڕو کۆبوونەوەکانی هەڵبژاردن ببن بە بیانوو و دەسپێکێک بۆ وەگەڕخستنەوەی خۆپیشاندان و سەرهەڵدانی سەرتاسەری لە ئێراندا. ڕەنگە تەنانەت نەگاتە هەڵبژاردنیش!
ئەم چەند مانگەی داهاتوو قەیرانەکان قووڵتر و گوشارەکان فراوانتر دەبن و لەگەڵ داکشانی گەرمای سروشتدا، سیاسەت لە ئێراندا گەرمتر دەبێتەوە. ئایا لووتکەی سەرمای سروشت دەبێتە گۆڕستانی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی؟

## خۆرهەڵاتی کوردستان بەرزترین پلەی بێکاریی لە ئێراندا هەیە



پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە بواری قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە تایبەت بێکاری، لە پلەی یەکەمدان.
وەزارەتی کاری ڕێژیمی ئێران لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە، چوار پارێزگای سنە، کرماشان، لوڕستان و کرمان، زیاترین ئاماری بێکاریی دەرچووانی زانکۆکانیان لە ئاستی ئێراندا هەیە.
پارێزگای کرماشان بە ٥/٢٨ لەسەد، سنە ٥/٢٥ لەسەد، کرمان ٤/٢٤ لەسەد و لوڕستان ٢/٢٣ لەسەد، زیاترین نرخی بێکارییان هەیە.
بەپێی ئامارەکانی ڕێژیمی ئێران، ڕێژەی بێکاریی دەرچووانی زانکۆ، سێ بەرابەری ئاستی بێکارانی نەخوێندەوارە. ئامارەکانی وەزارەتی زانستیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش دەرخەری ئەوەن کە ئاماری بێکاریی دەرچووانی زانکۆ، نزیکەی ١٩ لەسەدە، ئەم ئامارە بۆ ژنان نزیکەی دوو قاتی ڕێژەی بێکارانی پیاو مەزەندە دەکرێت.
لە مانگی خەزڵوەری ساڵی ڕابردووشدا، ماڵپەڕی «ئێقتساد ئانلاین» بڵاوی کردبووەوە کە ٢٠٤ هەزار بێکاری خاوەن پلەی ماستەر و دوکتورا لە ئێراندا هەن.
بەپێی ڕاپۆرتی سندووقی نێونەتەوەیی دراو کە مانگی ڕەزبەری ئەمساڵ بڵاو کرایەوە، پلەی وڵاتی ئێران لە بواری بێکاریدا لە جیهان، لە ماوەی ساڵانی ٩٢ هەتا ٩٥ی هەتاوی، ١٠ پلە دابەزیوە و ئێستا ئەو وڵاتە پلەی ١٩ی بێکاریی لە ئاستی جیهاندا هەیە.
بەرزبوونەوەی ڕێژەی حەز لە خوێندن، بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە ئێراندا.
کێشە ئابوورییەکان، لەخواربوونی ئاستی زانستی زانکۆکان و حەزی بەدەستهێنانی بڕوانامە، لە هۆکارە سەرەکییەکانی بێکاریی دەرچووانی زانکۆکان لە ئێراندا ڕاگەیەندراوە.
لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی ئاماری ئیدارەی «تۆمارکردنی باری کەسێتی»ی پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ڕێژەی تەڵاق بەرز بووەتەوە.
بەپێی ئەو ئامارانەی کە ڕێژیم لەبارەی تەڵاق بڵاوی کردووەتەوە، ئاماری تەڵاق ڕووی لە هەڵکشانە و لە هەمان کاتدا، ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیش کەم بووەتەوە کە ئەوە مەترسییەکە بۆ سەر پێکهاتەی کۆمەڵگا.
لەم بارەوە، بەڕێوەبەری گشتیی ئیدارەی «تۆمارکردنی باری کەسێتی»ی پارێزگای ورمێ وتوویەتی کە پارێزگای ورمێ لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشدا بەنیسبەت شارەکانی ئێران، لە پلەی ١٢دایە و لە بواری تەڵاقدا پلەی ٢٤ی هەیە.
لەم بارەوە، «بەهمەن موورادنیا»، پارێزگاری سنە وتویەتی: «ڕێژەی تەڵاق لەم پارێزگایەدا بە ڕادەیەک بەرز بووەتەوە کە جێگای نیگەرانییە».
ناوبراو باسی لەوە کردووە کە بەنیسبەت ڕێژەی تەڵاق، پاریزگای سنە لە نێوان ١٠ پارێزگای یەکەمی ئێراندایە.
بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بەنیسبەت بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق لە ئێراندا، بەردەوام هۆشداری دەدەن و هیچ ڕێگاچارەیەک ناگرنە بەر.
بەپێی لێکدانەوەی کۆمەڵناسان و شارەزایانی ئەم بوارە، بێکاری، هەژاری و نەبوونی داهات، لە گرینگترین هۆکارەکانی تەڵاق دێنە ئەژمار.

# حیزبی دێموکرات و پرسە نەتەوایەتییەکان

شەماڵ تەرغیبی

٧٤ ساڵ لەمەوپێش و لە مانگی گەلاوێژدا چەند کەس لە بیرمەندانی گەلی کورد بۆ یەکەم جار دیاردەیەکی نوێ و مۆدێڕنیان بەناوی «حیزب» هێنایە پانتایی سیاسی کوردستان کە لە دوای خۆی کۆمەڵێک ئاسەوار و دەرهاویشتەی گرینگی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەجێهێشت. گرینگ لەو بارەوە کە هەم نەتەوەی کورد و چارەنووسی ئەم گەلەی بەرەو ئاقارێکی نوێ برد و هەم بووە دەسمایەی بیچمگرتنی ئایدیای ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و پرسی شوناسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین.

نەتەوەو شوناسی نەتەوەیی چۆن پێناسە دەکرێت؟ دوای سەرهەڵدانی حیزب وەك دیاردەیەکی مۆدێڕن پەیوەندیی نێوان ئەم دوو لایەنە چۆن بووە؟ بە شێوەیەکی گشتی حیزبەکان لە قۆناغی رزگاریخوازیی نەتەوەییو دوای ئەو قۆناغە، لە هەر کۆمەڵگایەکدا چ رۆڵ و ئەرکێکیان هەیە یان دەبێ هەیانبێت؟ بۆ وڵامدانەوەی درووست بەم پرسیارانە و پرسیارگەلی هاوچەشن دەبێ لە پێشدا هەندێ پێناسەمان بۆ ئەم چەمکە گشتییانە هێنابێتە بەرباس؛ سادەترین پێناسە بۆ نەتەوە ئەمەیە: «کۆمەڵە کەسانێکن لەسەر خاکێکدا دەژینو چەندین خاڵی هاوبەشی وەك: زمان، رەگەز، کولتور، مێژوو، هەست و نەست و بەرژەوەندیی هاوبەشو ...هتد، پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

ناسنامەی نەتەوەیی یان شوناسی نەتەوەییش بریتییە لە کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش و تۆڕی هاوبەشی نێوان تاکەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو، کە پێکەوەیان دەبەستێتەوە و دەیانکات بە ئەندامی یەك نەتەوە، لەهەمان کاتدا لە ئەندامانی نەتەوەکانی تریان جیا دەکاتەوە کە گرنگترینیان بریتین لە: زمان و مێژوو و ئیرادەی هاوبەش.

بەگشتی قسەکردن لەسەر ناسنامە (شوناس)، قسەکردنە لەسەر دۆخێکی لۆژیکی و هزری؛ دۆخێك، کە مرۆڤ چ لەسەر ئاستی تاك، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵ، دەچێتە نێو پرۆسەی خۆناسینەوە، بەو مانایەی مرۆڤ بەهۆی چەندین تایبەتمەندیی خودی و بابەتییەوە، خۆی دەناسێت و جەوهەرێکی دیاریکراو بەخۆی دەبەخشێت، کە لەوانی دیکەی جیای دەکاتەوە؛ بۆیە دەبینن کە شوناس لایەنی جیاکاری من لە ئەویتر و ئێمە لە ئەوانی دیکەیە، واتە دەتوانین بڵێین کە شوناس بریتییە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەروونی و مێژوویی هاوشێوەی ئەندامانی گرووپێك کە ئەوان لە کاتوساتێکی تایبەتدا لە تاك و گرووپی تر جیا دەکاتەوە.

لەبەرئەوەیە گرنگیی پرسی شوناس هەمیشە لای گرووپ و نەتەوە ژێردەستەکان، کە بەردەوام حاشا لە بوون و تایبەتمەندیی جیاوازیان کراوە، بەهێزتر دەبێت و هەمیشە پرسی شوناس دەبێتە پرسی مانونەمانیان، بۆوێنە: داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە هەوڵیان داوە وێڕای حاشاکردن لە بوونی شوناسی نەتەوەیی گەلی کورد و تەنانەت کەڵکوەرگرتن لە وشەی «گەل» بۆ ئەم نەتەوە، شوناسی نەتەوەیی کورد بشەوێنن، سووکایەتی پێبکەن و تەنانەت لەنێوی ببەن؛ بۆیە بە زمانێکی ساکارتر دەتوانین پێناسەیەکی گشتگیرتر بۆ شوناس بکەین:

**خەباتی سیاسیو چەکداریی حیزبی دێموکرات لە قۆناغەکانی رابردوویدا و کۆبوونەوەی جەماوەرێکی زۆری سەرجەم ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری و ئامادەییان بۆ پاراستن و بەردەوامیدان و قوربانیدان و خۆبەختکردن لە پێناو رزگاریی کوردستان بە درێژایی ساڵانی رابردووی خەباتی ئەم حیزبە، گەواهیدەری ئەو راستییەن، کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی جەماوەری و کوردستانیی راستەقینەیە**

«شوناس بۆ نەتەوە بریتییە لەو تایبەتمەندییە هەمیشەیی و گرنگ و بەرچاوانەی کە ئەو نەتەوەیەی پێ دەناسرێتەوە».

ئەو تایبەتمەندییە بە چاك و خراپیەوە بووەتە بەشێك لە شوناسی نەتەوەیی بۆیە نەتەوە دەبێ بەو جۆرە خۆی ببینێ و خۆی پێناسە بکات، نەتەوەکانی دەوروبەریشی دەبێ ئەو نەتەوەیە بەو تایبەتمەندییانەی خۆیەوە ببینن و بیناسن و بیناسێنن، نەك چۆنیان بوێت بیشێوێنن.

هەروەها پێوەندیی نێوان نەتەوە و حیزب پەیوەندییەکی بەستراوە و دانەبڕاوە لە یەکتری، بۆ نموونە، حیزبی نەتەوەیی داکۆکی لە نەتەوەکەی و مافەکانی دەکات. بە مانایەکی تر ئەوە تایبەتمەندی و شوناسی نەتەوەییە کە دەبێتە زەرورەتی دامەزراندنی حیزب بۆ پاراستن و راگرتنی سەروەریی نەتەوەیی، لە چوارچێوەی سیاسەتی تاکتیك و ستراتیژیی خۆیدا.

**شوناس بۆ نەتەوە بریتییە لەو تایبەتمەندییە هەمیشەیی و گرنگ و بەرچاوانەی کە ئەو نەتەوەیەی پێ دەناسرێتەوە؛ ئەو تایبەتمەندییە بە چاک و خراپیەوە بووەتە بەشێک لە شوناسی نەتەوەیی بۆیە نەتەوە دەبێ بەو جۆرە خۆی ببینێ و خۆی پێناسە بکات**

لێرەدا ئەو پرسیارە جەوهەرییە بەرجەستە دەبێتەوە کە حیزبەکان لە قۆناغی رزگاریخوازیی نەتەوەیی و دوای ئەو قۆناغە، لە هەر کۆمەڵگایەکدا چ رۆڵ و ئەرکێکیان هەیە یان دەبێ هەیانبێت؟

بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی دامەزراندنی حیزب بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە؛ بۆ نموونە ئامانجی حیزبی دێموکرات کە لەسەر دەستی گەورەپیاوی گەلەکەمان پێشەوا قازی محەممەد و هاوبیرانی، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو دامەزرا، ڕزگاری و ئازادی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد بوو کە کاریگەرییەکانی ئەم حیزبە بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش شۆڕ بوویەوە و دەبینین کە لە دواجار دیاردەی مۆدێڕنی «حیزب» گەیشتە باشووری کوردستان و پاش هەوڵ و خەباتی زۆر و بێوچان لە باشووری کوردستان، گەلی کورد بە بەشێک لەو مافە بنەڕەتییانەی گەیشتووە و لە باقی پارچەکاندا خەبات بەشێوەی جیاجیا درێژەی هەیە و لە حاڵەتی بەردەوامیدان بە خەبات و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی رزگاریی نەتەوەیین.

**دامەزراندنی حیزبی دێموکرات قۆناغێکی نوێ بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، چوونکە بە هۆی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی هەمەچەشن هاتنە پێشەوە و بوون بە خسڵەت و سیمای دیاری ئەو قۆناغەی خەباتی سیاسیی نەتەوەیی حیزبی دێموکرات**

بێگومان ئەرکی حیزب لە قۆناغی رزگاریخوازیی نەتەوەیی ئەرکی داکۆکیکردنە لە خواست و ویستە نەتەوەییەکان و جەخت کردنەوەیەتی لە بەدیهێنانی خواست و مافە نەتەوەییەکان؛ لە هەمان کاتیشدا پێوستە سەبارەت بە پرسە گرنگ و هەستیارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بگەڕێتەوە بۆ ماکەی سەرهەڵدانی خۆی واتە گەلەکەی و ڕای نەتەوەکەی و کۆدەنگیی جەماوەری و نەتەوەیی لەسەریان بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگەیەی کە خەباتی تێدا دەکات و ئەو نەتەوەی کە خەباتی بۆ دەکات دانەبڕێت و دوور نەکەوێتەوە.

دوای قۆناغی رزگاری نەتەوەییش حیزب پێویستە کار لەسەر پرسەکانی رۆژ بکات و لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزب و ستراتیژیی نەتەوەییدا هەوڵ بۆ بەدیهێنانی خواست و ئاواتەکانی گەل بدات؛ دیارە مەرج نییە کە هەموو کات گۆڕانکارییەکان بە خواست و ویستی حیزبێك یان چەند حیزبێك بچێتە پێش و جاری واش هەیە کە ئاڵوگۆڕەکان و هەلومەرجی داسەپاو بەجۆرێک دەبێ کە حیزب ناتوانێ وەک پێویست بەرنامەکانی خۆی دابڕێژێت بەڵام بەو حاڵەشەوە نابێ لەو خاڵە جەوهەرییە دوور بکەوێتەوە کە ئەساسی دامەزراندنەکەی هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکانییەتی بۆیە لەم حاڵەتانەدا پێویستە حیزبەکان ڕێز لە فرەحیزبی و پلۆرالیزم و بیروڕای ئازاد و پێچەوانەی خۆشیان بگرن؛ بە واتایەکی تر ڕێز لە خەباتی رابردووی نەتەوەیی بگرن و دروشم و بەرنامەی چەندین ساڵەیان کە لەپێناویدا تێکۆشاون لە بیر نەکەن و لە پڕەنسیپە ئەخلاقی و نەتەوەییەکان لانەدەن و نەبنە لەمپەڕ لەبەردەم کۆمەڵگا و لەگەڵ گەشەسەندنەکانی رۆژدا هەڵ بکەنو دانەبڕێن؛ ئەمە بۆخۆی دەتوانێ خاڵێکی گرینگ بێت بۆ گەشەسەندنی زیاتری شوناسی نەتەوەییش چوونکە گەل فێری فەرهەنگی یەکترقەبووڵکردن و ڕێزدانان بۆ فرەڕەنگی و فرەچەشنییەکان دەکات.

لە پانتایی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەدوور لە هەر چەشنە دەمارگرژییەک، دەتوانین بڵێین تاقە حیزبێک کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێت کە لە سەرەوە باس کرا و هەوڵ بۆ ڕزگاری نەتەوەیی دەدات و وەکوو ستراتێژیش هەڵگری پەیامی پێکەوەژیان و پاراستنی مافەکانی تاک و کەرامەتی ئینسانیی مرۆڤەکانە، ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، میراتگری پەیڤەکانی کۆماری کوردستان و لە هەمان کاتیشدا هەڵگری گوتاری بەهێزی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە کە لەسەر هەمان ڕێچکە و بە وەرگرتنی ئەزموون لە ڕابردوو هەوڵ بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەدات.

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، گۆڕانێکی ریشەییو هەمەلایەنەی قووڵ بوو لە خەباتی نەتەوەیی رزگاریخوازی کورد لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، ئەم گۆڕانە ڕیشەییەش نەتەنیا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆڵو کاریگەریی دانا، بەڵکوو کاریگەری ئەرێنی و راستەوخۆی لە سەر خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە بەشەکانی تری کوردستانیش، لە باشوور، باکوور و رۆژئاوا هەبوو.

بۆیە دەتوانین بڵێین دامەزراندنی حیزبی دێموکرات قۆناغێکی نوێ بوو لە خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، چوونکە بە هۆی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی هەمەچەشن هاتنە پێشەوە و بوون بە خسڵەت و سیمای دیاری ئەو قۆناغەی خەباتی سیاسیی نەتەوەیی حیزبی دێموکرات، لەوانەش: قۆستنەوەی هەلومەرجی سیاسیی نێوخۆیی ئێران و چوونەپێش لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری میللی دێموکراتیکی کوردستان لە مەهاباد.

لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکرات وێڕای دەسکەوتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی، لەسەر ئاستی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستاندا کۆمەڵێك دەسکەوتی گەورە و بەنرخی بەدی هێنا، لە خوێندن بە زمانی کوردی و گرنگیدان بە زمان و ئەدەبی کوردی و چاپ و پەخشکردنی ڕۆژنامەی کوردستانەوە بگرە تا دەگاتە چاپی کتێبی قوتابخانەکان و پێکهێنانی سوپای نیشتمانی کوردستان و دەرخستنی رۆڵی لاوان، ژنان، خوێندکاران و ئاشناکردنیان بە پرسە سیاسیو نەتەوەییەکانی ئەوکات.

کۆی ئەم کار و کردەوەگەلە خۆیان لە زیندووبوونەوە و گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی کورددا بینییەوە، کە بوو بە هۆی دەرخستنەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد لەو قۆناغەدا، لە بوارە سیاسی، کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان.

بە گشتی حیزبی دێموکرات بە درێژایی تەمەنی خۆی لە چەند ڕووەوە کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد بەتایبەت لە رۆژهەڵات داناوە کە دەکرێ بەم شێوەیە باسی لێوە بکەین:

لە پێشدا نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە حیزبی دێموکرات بۆخۆی لەسەر بنەما و بیرێکی نەتەوەیی کوردی دامەزرا و لە هەمان کاتیشدا پڕەنسیپ و بنەما نەتەوەییەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك)ی وەلا نەنا و لەسەری بەردەوام بوو؛ کە هەر ئەمەش بووە هۆکاری سەرکەوتنی لەم بوارەدا. واتە بە هەبوونی ئەو پاشخانە فکرییە نەتەوەییە، حیزبی دێموکرات توانی لە مەسەلەی داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکان و بەرزڕاگرتنی هەستی کوردبوون و دانان و گرتنەبەری ئاراستەیەکی سیاسیی فۆرمەلەکراو، دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»ی دانا. درووشمێک کە وێڕای گرینگیدان بە لایەنی نەتەوەیی، بەدوور لە دەمارگرژی نەتەوەیی و بە دوور لە خەون و خەیاڵ، لەسەر عەرزی واقیع بنیات نرابوو و پاش چەندین ساڵ لە نەمانی کۆماریش هەر درووشمی ستراتێژیکی حیزب بوو. داکۆکیکردن لە فەرهەنگ و زمان و ئەدەبیات و کەلەپووری کوردی و ئاشناکردنی کۆمەڵانی خەڵك پێیان بۆ راهێنان و پەروەردەکردنیان لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییان و پاراستنی سەروەرییەکانی نەتەوەیی خۆیان، کە خۆی لە پاراستن و بەرزکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی کوردیدا دەبینێتەوە.

هەروەها خەباتی سیاسیو چەکداریی حیزبی دێموکرات لە قۆناغەکانی رابردوویدا و کۆبوونەوەی جەماوەرێکی زۆری سەرجەم ناوچە جیاجیاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری و ئامادەییان بۆ پاراستن و بەردەوامیدان و قوربانیدان و خۆبەختکردن لە پێناو رزگاریی کوردستان بە درێژایی ساڵانی رابردووی خەباتی ئەم حیزبە، گەواهیدەری ئەو راستییەن، کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی جەماوەری و کوردستانیی راستەقینەیە بۆ بەردەوامیدان بە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و بەدیهێنانی خواستی نەتەوەیی و داکۆکیکردن لێی.

ئەم ڕەهەندە بەتایبەتی لە پاش ڕاگەیاندنی شێوازی نوێی خەبات لە ڕۆژهەڵات ناسراو بە ڕاسان کە لە نەورۆزی ٩٥ی هەتاوییەوە هاتە ئاراوە، جارێکی تر خۆی بەرجەستە کردەوە و هاتنی بەردەوامی لاوانی دەروەست بۆ ڕیزەکانی خەبات شاهێدی ئەم ڕاستییەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە لە نێوان ساڵەکانی ٧٠ی هەتاوی تاکوو دەسپێکی ڕاسان، بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە باشووری کوردستان حیزبی دێموکرات بۆ ماوەیەک وازی لە خەباتی چەکداری بەشێوەی ڕابردوو هێنا کە ئەگەرچی لەباری تەشکیلاتی و ڕێکخستنەوە زەربەیەک بوو لە پەیکەری ئەم حیزبە بەڵام لەڕووی ستراتێژی و پێگەی مێژووییەوە بۆخۆی بوو بە هەوێنی سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە حیزبی دێموکرات لەسەر بەرزکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە و ئەمەشی بە کردەوە سەلماندووە.

## بەکورتی:

زیاتر لە حەوت دەیە لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات تێدەپەڕێ، بەرز و نزمییەکانی سەختەرێی خەباتی ئەو حیزبە و تێکۆشانی بێوچانی و خوێنبەخشییە ڕەواکانی بۆ گەیشتن بە ویستە ڕەواکان، دیسانەوە ئەو حیزبە شۆڕشگێڕەی لە پێناو رەسالەتە دیرۆکییەکانی دامەزرانی خۆی، سوورتر کردووە و ئێستاشی لەگەڵ بێ، بێوچان خەریکی تێکۆشانە.

لە گەڵ هەموو کەند و لەمپەڕەکانی سەر ڕێگای خەباتیشی توانیویەتی ئەو ڕواڵەت و سیما خەڵکپەسندەی حیزب تا بە هەنووکەش بپارێزێ؛ بەچەشنێک کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ خەڵکی کوردستان بە سامانی سیاسی - کۆمەڵایەتی خۆیانی دەزانن و دەسەڵاتی تارانیش لە بەرانبەر ئیرادە و هەڵوێستیدا دەستەوەستانە!

# ٧٤ ساڵ خەبات
# لە پێناوی مافی نەتەوایەتیی، ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

ناسر ساڵحیئەسڵ

**بەشی یەکەم**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێکە لە گرنگترین حیزبەکانی کوردستان و ئێران و ناوچە، کە لە نێو ڕووداوە سیاسییە گرنگ و چارەنووسسازەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و ئێراندا، ڕۆڵی دیاری هەبووە و وەك حیزبێکی جەماوەری، مۆدێڕن و پێشەنگی بزاڤی میللی - دێموکراتیك لە ئێران و کوردستان دەرکەوتووە؛ هەر بۆیە هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە کێشە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بایەخی تایبەت و گرنگی خۆی هەیە.

پاش دوورخستنەوەی ڕەزاشا لەلایەن وڵاتانی ڕێککەوتوو «متفقین» و هەڵوەشانەوەی ئەرتەش و دابەشبوونی وڵاتی ئێران لە لایەن زلهێزەکانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانی دووهەم، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاویدا، ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد لە ناوچەی موکریان لە بۆشایی ئەرتەش و دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی کەڵکیان وەرگرت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی و نەتەوایەتی بە ناوی «کۆمەڵەی ژێکاف».

«کۆمەڵەی ژێکاف» لە سەر بنەمای شوناسخوازی و بەدەستهێنانی مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کورد دامەزرا.

ئەندامانی »ژێکاف» بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و خەباتی ئاشکرا، بڕیاریان دا کە حیزبێکی مودێڕن دامەزرێنن.

هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا «حیزبی دێموکراتی کوردستان» یان لە سەر بناغەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژێکاف لە شاری مەهاباد دامەزراند و لە ٢ی خەزەڵوەری هەمان ساڵ بە بەشداریی تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف و دەیان کەسایەتیی ناسراوی کوردستان، یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات و مەرامنامەی حیزبی دێموکرات لە ٨ ماددەدا بڵاو کرایەوە.

هەروەها پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، قازی محەممەد وەك پێشەوا و سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناخەی تەشکیلاتی «کۆمەڵەی ژێکاف» و بە دوای ئەویشدا دامەزرانی کۆماری کورستان بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەندامانی دامەزرێنەری «ژێکاف» و پاشان حیزبی دێموکرات و بەشداریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە.

هەر بۆیە کۆماری کوردستان بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێك بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافدا ئامادەکاری بۆ دەکرا و دواتر لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەستێنسازی بۆ کرا.

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد بە ئامادەبوونی پێشەوا قازی محەممەد و ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەڵکی شاری مەهاباد و میوانانی شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران هەر لە ماکۆوە تا شاری سەقز و هێندیك کەسایەتی لە پارێزگاکانی کرماشان و سنە، میوانانی هەر چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەت بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی نەمر، سەرۆکی عەشیرەکان، بە خوێندنەوەی سروودی «ئەی ڕەقیب» و هەڵکرانی ئالای سێ ڕەنگی «کوردستان» خەبات لە پێناو دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێی نایە قوناغێکی دیکەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خاوەنی ئەزموونی حکوومەتداری ١١ مانگەی کۆماری کوردستان بوو، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە لایەن حەمە ڕەزا شای پەهلەوییەوە و لە سێدارەدانی سەرکۆمار، پێشەوا قازی محەممەد و وەزیری جەنگ، محەممەد حوسین خانی سیفی قازی و نوینەری شاری مەهاباد لە مەجلیسی شوورای میللی ئێران و برای سەرکۆمار، سەدری قازی لە چوارچرای شاری مەهاباد، گیرانی ئەندامانی ڕێبەری حیزب لە گەڵ سەدان ئەندامی دیکەی حیزب و ئاوارەبوونی دەیان کەسی دیکە لە ئەندامانی حیزب بۆ باشووری کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی لاواز بوو و پێکهاتەی تەشکیلاتی تیکچووبوو.

هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری هێندیك کادری لاو بۆ ماوەی نزیك بە یەك دەیە ببوو بە بەشێك لە تەشکیلاتی حیزبی توودەی ئێران.

لەو ماوەیەدا کۆمیتەیەك بە ناوی کۆمیتەی «کاك» لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی توودە دامەزرابوو.

کاری کۆمیتەی کاك بریتیی بوو لەویکە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئوتوماتیك دەبنە ئەندامی حیزبی توودە و بە پێچەوانەوە هەرکات ئەندامانی حیزبی توودە هاتنە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئۆتۆماتیك دەبنە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژیی ١٣٣٢ی هەتاوی، هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ و دێموکرات سەرکوت کرابوون و زیندانەکان لە ڕۆڵە ئازادیخوازەکان و شۆڕشگێڕانی گەلانی ئێران ئاخنێدرابوون.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش، دەسەڵاتی ڕەشی بێ سنووری ساواك و ژاندارم، ژیانی ئاساییان بە خەڵکی کورد لە شار و گوندەکان تاڵ کردبوو.

تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور محەممەدی موسەدیق لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاویدا بووژایەوە و حیزبی دێموکرات توانی لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای میللی خولی ١٤ بەشداری بکات کە لە شاری مەهاباد کاندیدای حیزب واتە سارم خانی سادق وەزیری سەرکەوتنی مسۆگەر کرد بەڵام ئیزن بە کاندیدای هەڵبژێردراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەدرا بچێتە مەجلیسی شوورای میللی و بە جێگای نوێنەری هەڵبژیردراوی خەڵکی مەهاباد مەلایەك بە ناوی جەماڵ ئیمامی لە تارانەوە لە لایەن ڕێژیمی حەمەڕەزا شا وەك نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شوورای میللی دیاری کرا.

هەروەها کۆمیتەی جوتیارانی حیزبی دێموکرات توانیی ڕاپەڕینی جوتیارانی ناوچەی موکریان بە دژی سیستمی دەرەبەگایەتیی ڕێبەری بکات و حیزبی دێموکرات توانی ئەو سەرکەوتنانە لە کارنامەی تێکۆشانی خۆیدا تۆمار بکات؛ بەڵام پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ، بە هۆی تیکەڵاوی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ تەشکیلاتی حیزبی توودە و گیرانی ڕێکخراوەی ئەفسەرانی حیزبی توودە، تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کەوتە بەر هێرشی ساواك و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یان تووشی زیندان بوون، یان پەڕیوەی باشووری کوردستان بوون.

لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی بە هۆی پوڵی زۆری فرۆشیی نەوت، تووشی نەخوشیی خۆبەزلزانین ببوو و بە تەواوەتیی خۆی لێ گۆڕابوو.

بە هۆی پوڵی زۆر و زەوەندی نەوت، شا توانی تازەترین و باشترین چەکوچۆڵ بکڕێت و ئەرتەشێکی بەهێزی دامەزراند. هەر بۆیە ڕێژیمی حەمەڕەزاشا ببوو بە ژاندارمی کەنداو و ئیدعای دەکرد کە ئێران دوڕگەی ئارامییە لە ناوچەی ئاڵوزی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا.

لە وەها بارودۆخێکدا بە هیمەت و ڕێبەری و مودیریەتی عەبدولڕەحمان قاسملوو و چەندین کادری تێکۆشەری دیکەی حیزب لە کۆنفرانسیی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی گیرا پێوەندی تەشکیلاتی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی توودە بە تەواوی پچڕا و حیزبی دێموکرات پێی نایە قوناغێکی نوێی خەباتەوە.

# ڕاسانی تاراوگە هەنگاوێک بەرەو ڕەهەندی نوێ

ئاگری ئیسماعیلنژاد




ڕۆژی ٩ی جولای، ڕێکخستنی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبونەوەیەکی جەماوەری لە شاری برۆکسێل بۆ یادی شەهیدانی وین و پرۆتێستۆکردنی تێرۆریزمی دەوڵەتی بەڕێوە برد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندنی فەرمی خۆی ئەو چالاکییەی بە ڕاسانی تاراوگە ناو برد. لێرە پرسیار ئەوەیە ڕاسانی تاراوگە چییە؟

لە ماوەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لە سی ساڵی ڕابردوودا زۆر کەس لە خەڵکی کوردستان و شۆڕشگێرانی کورد بەناچار ژیانی تاراوگەیان هەڵبژاردووە، ژیان لە جوغرافیای دەرەوەی کوردستان ڕوونە تایبەتمەندی خۆی هەیە بەڵام ڕۆڵی کەسانی تاراوگەنشین لە شۆڕشی کوردستاندا چییە؟

بۆ تاوتوێکردنی ئەو باسە سەرەتا پێویستە ئاوڕێکی کورت لە شێوازی خەباتی پێش ڕاسان بدەینەوە، لە قۆناغی پێش ڕاساندا لە ئاستی نێوخۆیی خەباتی چەکداری و مەدەنی وەک دوو شێوازی خەبات لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بەڕێوە دەچوو، لە ئاستی دیپلۆماسیش حیزبی دێموکرات شێوازی دیپلۆماسی کلاسیکی وەک شێوازی خۆی بەکار دەهێنا. چ لە شێوازی دیپلۆماسی کلاسیک و چ لە خەباتی نێوخۆییدا، کوردانی دانیشتوی تاراوگە کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتن ڕۆڵێکی دیاریکراویان بۆ دەستنیشان نەدەکرا. هەڵبەت ئەوە هەمووی باسەکە نییە؛ لە ڕووی کردەوەشدا کوردانی تاراوگە لەگەڵ چەند قەیران ڕووبەڕوو بوون
:

**یەکەم:** زۆرینەی کوردانی تاراوگە قایل بە ڕۆژهەڵاتتەوەری نین و ئەوەش وای کردووە دوو دیاردە سەرهەڵبدات ئا: بەشێکی زۆر لە هێز و توانایی کوردی ڕۆژهەڵات تەرخان بکرێت بۆ پارچەکانیتر.

بێ: بە پێی دۆخ و تایبەتمەندی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەنگاو هەڵنەهێندرێتەوە بەڵکوو تێکەڵەیەک لە دۆخی هەموو پارچەکان بکرێتە بنەما بۆ هەنگاوی کوردی ڕۆژهەڵات لە تاراوگەدا؛ کە ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵەی گەورە بێت و لە گەڵاڵەکاندا کات و شوێن و تەنانەت شێواز بزر بێت.

**دووهەم:** ڕووناکبیری کوردی تاراوگە بەتایبەت ئەو بەشەی لە پێش سەردەمی سۆشیالمیدیا ڕوویان کردۆتە دەرەوە، سەربەخۆ لە ڕووناکبیری کوردستانی ڕۆژهەڵات سەر هەڵبدات.

سێهەم: کوردی تاراوگە چ لە نێوخۆیاندا و چ لە ئاستی تاراوگە و نیشتمان پێوەندییەکی پێکهاتەمەندی سیاسییان پێکەوە نەبێت، بەڵکوو ڕەوەندی کورد لە هەر وڵاتێک لەژێر کارتێکەری فەرهەنگی وڵاتەکەی کە تێیدا نیشتەجێیە بە شێوازی خۆی بڕوانێتە پرسی کورد و ڕێگاچارەی تایبەت بە خۆشی بۆ دیاری بکات و هاوکات کەمترین پەیوەندیشی لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات و بەشەکانیتری تاراوگە هەبێت، هەرچەند ڕەنگە هەردووکیان تەنانەت لە یەک حیزبیشدا ئەندام بن.

لە ڕاسانی تاراوگەدا کە دەکرێت کۆبونەوەی ٩ی جوولای وەک دەستپێکی ئەو ڕاسانە دەسنیشان بکەین سەرەتا دەبێت سێ خاڵمان بۆ گرینگ بێت:

یەکەم: ڕۆژهەڵاتتەوەری بکەین بە فکری باوی نێو کوردانی ڕۆژهەڵاتی تاراوگە

دووهەم: جوغرافیای تاراوگەنشینی بەسەر چەند هەرێمدا دابەش بکەین هەتا بتوانین لە هەر هەرێمێکدا رایەڵەی ڕێکخستنی کوردانی ڕۆژهەڵاتی تاراوگە دامەزرێنین.

**سێهەم:** بە ڕێگای سمینار، کۆبونەوە و تەنانەت گۆڤاری سەربەخۆی کوردانی تاراوگە کەلێنی ڕووناکبیری و تەشکیلاتی نێوان تاراوگە و نیشتمان کەم و دواتر پڕ بکەینەوە.

لە قۆناغی دووهەمدا دەبێت بە پێی پرۆژەی ڕاسان ئامانجەکانی ڕاسانی تاراوگە وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی ڕاسان دیاری بکرێت کە دەکرێت ئەو ئامانجانە وەک ئامانجە بەراییەکان دەستنیشان بکەین:

**یەکەم:** کوردانی تاراوگە دەتوانن لە دیپلۆماسی گشتی و دیپلۆماسی دیجیتاڵدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت، بۆیە پێویستە حیزبی دێموکرات سەرەڕای شێوازی دیپلۆماسی کلاسیک ئاوڕێکی جیددی و گەڵاڵەداڕێژراو لە دیپلۆماسی گشتی و دیجیتاڵ بداتەوە و قورسایی ئەو شێوە دیپلۆماسییەش بخاتە سەر شانی کوردانی تاراوگە

**دووهەم:** لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی شەڕی نەرم وەک شێوازێک بۆ سەرکووتی کوردی ڕۆژهەڵات بەکار دێنێ، کوردانی تاراوگە دەتوانن قورسایی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی بخەنە سەر شانی خۆیان و بەو شێوەیە بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ شەڕی نەرمی ڕێژیم بکرێتە ئارمانجێکی ڕاسانی تاراوگە

**سێهەم:** ڕاسانی تاراوگە دەتوانێ هەنگاوێک بۆ پتەوکردنی بەشیماڵی ڕاسان بێت.

ڕاسانی تاراوگە لە قۆناغی بەراییدا دەتوانێ ئەو ئامانجانەی سەرەوە وەک ئامانجی خۆی دەستنیشان بکات و ئەوەش بەو مانایە دێت کە ڕاسانی تاراوگە دەبێتە بەشێک لە ڕاسان، هەتا کوردی تاراوگەش بە پێی تایبەتمەندی ژیانیان بتوانن لە پرۆسەی ئازادی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕۆڵی گرینگ و بەرچاو بگێڕن.

# ژنان لە حیزبی دێموکراتدا



ئاسۆ مێنبەری

## سەرەتا

دیارە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنیدا، ڕۆڵێکی ئێجگار قورس سەبارەت بە پەروەردە و بارهێنانی تاکەکانی ئەندام لە کۆمەڵگادا دەکەوێتە سەر شانی ڕێکخراوەکان، چونکە لە ڕاستیدا ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراو تەنیا پەروەردەی تاک لە نێو کۆمەڵدا نییە بەڵکوو هاوتەریب لەگەڵ ئەو پەروەردەیە، بارهێنانی تاکێکی لەخۆبوردوو، وشیار، ئامانجدار و بەتوانا بۆ ڕێکخراوەکەیە، بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و کۆکردنەوەی ئەزموون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشە و ئاریشەکانی نێو کۆمەڵگا لەو تاکانەدا.

بەم پێیە، ڕێکخراوێک دەتوانێت سەرکەوتنێکی باشتر بە دەست بێنێت و شوێندانەرتر بێت کە لە پەروەردەی هێزی مرۆیی خۆیدا لە هیچ خزمەتگوزاری و فێرکارییەک درێغی نەکردبێت و هەموو هەوڵ و توانای مرۆیی و هزریی خۆی بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێنابێت؛ بەواتایەکی تر و لە یەک ڕستەدا، ڕێکخراوێک دەتوانێت سەرکەوتوو بێت کە ڕۆحی گرینگایەتی کار و تێکۆشانی لە نێو ئەندامانیدا جێگیر کردبێت تاکوو لایەنی بەرانبەریش بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک خزمەت بە ڕێکخراو و ئامانجەکانی بکات.

## حیزبی دێموکرات چۆن دەڕوانێتە پرسی ژنان؟

لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، باس لەوە کراوە کە سیاسەتی ئەو حیزبە لە سەر بنەمایەک دامەزراوە کە کەرامەتی مرۆڤ بە گرینگترین بەهای ژیان دەزانێت؛ لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، کەرامەت دوو سەرچاوەی سەرەکیی هەیە، لە لایەکەوە دابینکردنی پێداویستیی ماددیی مرۆڤ و لە لایەکی تریشەوە پێکهێنانی فەزایەکی سیاسیی ئازاد بۆ ئەوەی هەر تاکێک بتوانێ خاوەنی کەسایەتی و ناسنامەی ئێتنیکی، ئایینی و نەتەوەیی خۆی بێت و هەروەها کۆتایی بە ستەمی جنسی بهێندرێت، هەر بۆیە لەم بەرنامەیەدا بە ڕاشکاوی، دان بە ستەمی بەکۆمەڵ و لەمێژینەی کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکان لەهەمبەر ژناندا نراوە تاکوو ژنان بتوانن لە چەوساندنەوەی کولتووری، ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕزگاریان بێت و وەکوو توێژێکی بەرچاوی کۆمەڵگا کە ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکی و گرینگیشیان لە سەر شانە، لە کەرامەتی مرۆیی بێبەش نەبن.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی چەندین دەیە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نیزامیی خۆیدا نیشانی داوە کە بە تەواوەتی دژی هەموو چەشنە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی، کۆمەڵایەتی، دینی و هتد؛ هەر بۆیە هاوتەریب لەگەڵ خەباتێکی ڕزگاریخوازانە، لەپێناو یەکسانیی کۆمەڵایەتی و لابردنی هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتوورییەکانیشدا خەباتی کردووە، بەچەشنێک کە ئێستاش ئەو چەشنە لە خەبات کردن، سەرباشقەیەک بۆ خوێنی تازەی نێو دەمارەکانی شۆڕش بە ئەژمار دێت.

باس کردن لە کەرامەتی مرۆیی لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا و هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو پرسە لە خەباتی ئەم ڕێکخراوەیەدا، سەلمێنەری ڕاستەقینەی بڕوای ئەو حیزبە بە هێزی توێژەکانی کۆمەڵگا و ڕێزگرن لە کەسایەتیی ئەو توێژانە و یەک لەوان توێژی ژنان لە پرسە نەتەوەییەکانە.

حیزبی دێموکرات، وەکوو ڕێکخراوێکی خاوەن مێژوو و ڕابردووی زێڕین و پرشنگدار، حیزبێکی هەڵقولاو لە هەست و نەست و تواناکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هەر بۆیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی . لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. پشتی بە پشتیوانیی هەمەلایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەستووە. حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانییەوە، بە بایەخێکی زۆرەوە ڕوانیویەتە پرسی ژنان، هەر بۆیە بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەرفەت و مەیدانی خۆپێگەیاندن و تێکۆشانی پێداون تاکوو بتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەت و ئیمکانات، لە بوارە جیاجیاکاندا خۆیان ببیننەوە.

دژایەتیی بنەڕەتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ جۆرەکانی هەڵاواردن، بەتایبەت هەڵاواردنی جنسی وای کردووە کە جیا لە خودی ژنان، توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاش هەست بە بایەخی پەروەردە و پێگەیشتنی ژنان لە بوارە جیاوازەکاندا بکەن و بە دەرکێکی درووست لە پرسەکانی یەکسانی و دادپەروەری، هەوڵی سەقامگیرکردنی ئەو دوو چەمکە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بدەن.

## ژنان لە سێ بڕگەی مێژوویی حیزبی دێموکراتدا

لە ڕاستیدا ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە حیزبی دێموکراتدا دەکرێ لە سێ بڕگەی مێژووییدا باسی لێوە بکرێت، چونکە لە هەرکام لەو قۆناغانەدا ژنان بە چەشنێک ڕۆڵیان گێڕاوە و توانیویانە لە خەباتی نەتەوایەتیی ڕزگاریخوازانەدا بەشدار بن. حیزبی دێموکرات لە هەربڕگەیەکدا بە چەشنێک کە شیاوی ئەو بڕگەیە بێت و لەگەڵ کات و شوێنی خەباتەکەدا گونجاو بێت، دەرفەتی بۆ ژنان خوڵقاندووە و بواری بۆ ڕەخساندوون تاکوو بتوانن شوێندانەر بن و ڕۆڵێکی کارا بگێڕن.

### بڕگەی یەکەم: لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە هەتا ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی

ئەم بڕگەیە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە و بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەم ساڵەدا دەستی پێکردووە و هەتا ساڵی ٧٢ و پاش شەهیدبوونی دوکتور سادقی شەرەفکەندی درێژەی هەبووە.

لەم قۆناغە لە خەباتدا، لە ٢٤ی ڕەشەممەی هەمان ساڵدا، حیزبی دێموکرات بە دامەزراندنی یەکیەتییەک لە ژێر ناوی «یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران» هەوڵی بە ڕێکخراوەیی کردنی کاروبار و چالاکییەکانی ژنانی کوردستانی دا. لەم قۆناغە لە خەباتدا کە جیا لە خەباتی سیاسی، خەباتی چەکداری سەرەتا بە دژی ڕێژیمی خوێنمژی پەهلەوی و دواتریش بە دژی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە ئارادا بوو، ژنان جیا لە خەباتی سیاسی، تێکەڵ بە خەباتی چەکداریش دەبن و بگرە هەندێ جاریش ئەرکگەلێکی زۆر قورستریان لە سەر شان دەبێت.

لەم قۆناغە هەستیار و قورسەی خەباتدا، ژنان جیا لە پاڵپشتی لە پیاوان لە شەڕێکی بەزۆرداسەپاو لە لایەن دەسەڵاتەکانەوە، وەکوو دایک، وەکوو هاوسەر، وەکوو خوشک، وەکوو پێشمەرگەیەکی گیانفیدا لە لووتکەی لەخۆبوردووییدا بوون . ئەوان زۆر جار وەکوو کادری دەرمانی و بە یارمەتی گەیاندن بە هێزی نیزامی و چەکدار لە مەیدانی شەڕدا، پاڵپشتی خەباتی ڕەوای هێزە چەکدارەکەی حیزبی دێموکرات بوون؛ ژنان لەم قۆناغەی خەباتدا و لە سەنگەری بەرخوداندا قارەمانانە پشت و پەنای پێشمەرگەکانی کوردستان بوون و بە هەموو شێوازێک و بە هەموو تواناوە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڵاواردنەکان و ستەمە ڕەگەزی و نەتەوایەتییەکان، هەوڵی بێوچانیان دا کە بەداخەوە هەندێکیشیان گیانی خۆیان لەم پێناوەدا بەختی بارەگای ئازادیی گەل و نیشتمان کرد.

لەم قۆناغە هەستیارەی خەباتدا کە هێشتا کۆمەڵگا نوقمی نەریتە چەقبەستووەکانی خۆی بوو و ژنان وەکوو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، حیزبی دێموکرات بە ئاگایی بەخشین بە ژنان و سازماندانیان لە ڕێکخراوێکی ژنانەدا، هەوڵی دا بە پەروەردەیەکی درووست و بنەڕەتی هەستی مرۆڤ بوونیان پێ ببەخشێتەوە تاکوو چیدیکە نەکەونە داوی نەریتە کۆنەپەرستانەکانی کۆمەڵگا و بتوانن بڕیاردەری ژیانی خۆیان بن. هەر بۆیە لەم بڕگەیەدا حیزبی دێموکرات وەکوو ڕسالەتی مێژوویی خۆی، ئەرکێکی زۆر پیرۆز و زۆر بە جێی لەهەمبەر ژناندا بەڕێوە برد.

### بڕگەی دووهەم:

**دووهەمین بڕگە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٧٢ هەتا ٧٥ی هەتاوی،**

لەم ماوەیەدا خەباتی چەکداری بەدژی ستەم و زۆرداری تا ڕادەیەک بەردەوام بوو بەڵام پاش تۆپباران کردنی بنکە و بارەگاکانی حیزب لە لایەن ڕێژیمی پەت و سێدارەوە و هەروەها بە هۆکارگەلی سیاسی و ستراتێژیک، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات خەباتی چەکداریی ڕاگرت. قۆناغێک کە زۆر کەس وەکوو خاڵێکی لاواز لە مێژووی حیزبدا باسی لێ دەکەن و بە خاڵی وەستانی حیزب دەیناسن؛ بەڵام لە ڕاستیدا ٢٠ ساڵ بێدەنگیی حیزبی دێموکرات لە بواری خەباتی چەکدارییەوە بە مانای ڕاوەستان و مەندیی حیزب لە خەبات نەبوو، بەڵکوو ئەم ماوەیە باشترین کات بۆ پەروەردەکردنی کەسانێکی لێهاتوو و تێکۆشەر وەکوو سەرمایەی مرۆیی بۆ داهاتووی حیزب بوو. لە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵەشدا، ژنان لە ژێر سێبەری بەرنامە و پەروەردەی حیزبدا، شان بە شانی پیاوان، چ لە نێو کەمپەکانی حیزبدا و وەکوو ژنانی نێو جەرگەی شۆڕش کە تووشی ئازارگەلێکی گەورە و ئاوارەیی، دووری لە خزم و کەس و زێدی خۆیان بوون، چ وەک ئەندامانی نهێنیی حیزب لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتدا و لە چوارچێوەی شانەی حیزبیدا ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بە باشترین شێوە بەڕێوە برد.

ژنانی نێو شۆڕش، بوون بە دایکانێکی لەخۆبوردوو کە منداڵانێکی ڕێکوپێک، بە بیر و بڕوا، خوێندەوار و شانازی خوڵقێنیان پەروەردە کرد کە بەردەوام خۆیان بە ڕێبواری ڕێبازی پڕ سەروەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەزانن. ژنانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش بوون بە دایکانێک کە وانەی شۆڕشگێرییان فێری منداڵەکانیان کرد و بوون بە دایکی پێشمەرگە ئازا و چاونەترسەکانی ئەم سەردەمە لە خەبات، هەر وەک چۆن دوکتور سادقی شەرەفکەندی ئامووژگاریی کردن کە: با دایکانی کوردستان ڕۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕ لە خۆشەویستی خۆیاندا بە هەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و چیرۆکی شەهید د. قاسملوو و شەهیدانی دیکەی ڕێگای ڕزگارییان بە گوێدا بخوێنن.

بەم پێیە ٢٠ ساڵ ڕاگرتنی خەباتی چەکداری جیا لەوە کە نەیتوانی هێز و پۆتانسیەلی حیزبی دێموکرات دابەزێنێ کە بە پێچەوانە، بوو بە وێستگەیەک بۆ وەگەڕخستنەوەی هێزی جوولە لە نێو دەمارەکانی شۆڕشێکی نوێدا، کە ژنان لەم قۆناغەشدا بە سەرکەوتوویی تەواوەوە پاڵپشت و پشتیوانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون.

### بڕگەی سێهەم: ژنان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا

بڕگە و وێستگەی سێهەمی ژیان و خەباتی ژنان لە حیزبی دێموکراتدا، بە دەسپێکی قۆناغی نوێی خەبات ناسراو بە «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» پێناسە دەکرێت. ئەم بڕگەیە ئەکرێ وەکوو لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی زیاتر لە ٧ دەیە تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا ناوی لێ ببردرێت. بڕگەیەک کە بە کردەوە، خەباتێکی نوێی بە دژی ستەم دەست پێکرد.

دیارە حیزبی دێموکرات لەم قۆناغە لە خەباتیشدا، وەکوو ڕابردووی خۆی دەرفەتێکی باشی بۆ ژنان خوڵقاند تاکوو بتوانن شوێندانەری و کاریگەریی خۆیان لە پرسەکاندا بسەلمێنن. لەم بڕگەیەدا «ڕاسان» بە پێناسەی دووبارەی خەبات لە ژێر ناوی «خەباتی شار و شاخ «دا، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی خستەوە نێو هاوکێشە سیاسی و نەتەوەییەکانەوە بە چەشنێک کە هەر تاکێک پێویستیی پەیوەست بوونی خۆی بەم خەباتە نوێیە هەست پێ بکات.

ژنان لە قۆناغی نوێی خەباتی ڕۆژهەڵاتدا، باشتر و وشیارانەتر توانییان ڕۆڵ و پێگەی خۆیان هەست پێ بکەن، هەر بۆیە وەک کاراکتەرێکی کارا، بوون و ڕۆڵی خۆیان بە شێوازگەلی جیاواز کردەیی کردەوە.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی مەنتیقی و ڕاستبینانە ئەرکی تاکەکانی دیاری کرد، کەوایە هێڵێکی بەتاڵی بە سەر بیرۆکەی دواکەوتوو و نادرووستی کۆمەڵگادا کێشا کە ژنان تەنیا ئەبێ لە چوارچێوەی ماڵدا ببەسترێنەوە.

ڕاسان دەرکەیەکی بەرینی بە ڕووی ژناندا کردەوە و ئەرکی پێئەسپاردن. لەم قۆناغ و بڕگەیەدا، ژنان لە دوو مەتەریزی جیاواز بەڵام لە یەک ڕێبازدا و هاوتەریب، خۆیان لە خەباتدا دیتەوە، هەندێکیان بە پێی پێناسەیەک کە لە ڕاساندا هاتووە، بوونە پێشمەرگەی ئازا و چاونەترسی شار کە لە نێو دڵی دوژمندا ئەرکی نەتەوایەتییان لە ئەستۆ گرت و هەندێکیشیان بە شکاندنی تابۆکانی کۆمەڵگا و دڕاندنی پۆششی «زەعیفە بوون»، سنوورەکانیان تێپەڕاند و تێکەڵ بە هێزی خاکیپۆشانی پارێزەری شەرەف و کەرامەتەوە بوون.

## کۆبەند

ئەوەیکە لەم سێ بڕگەیەدا بە گشتی باسی لێ کرا، جیا لە هەوڵ و تێکۆشانی خودی ژنان بۆ پێگەیشتن و بەڕێوەبردنی ئەرکی نەتەوەیی، پیشاندەری گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە هێزی ژنان لە خەباتدایە؛ حیزبی دێموکرات بە نیشاندانی ڕێوشوێنی دروست و مۆدێڕن لە هەر قۆناغێکی خەباتی خۆیدا، ژنانی بە بەشێکی حاشاهەڵنەگر و گرینگ لەو خەباتە پێناسە کردووە، بە شێوەیەک کە لە هەر قۆناغێکدا بەپێی کات و شوێن و دەرفەت، مەیدانی پێداون تاکوو هەنگاوێکی باش و پۆزەتیڤ لە پێناو نیشتمان و نەتەوەکەیاندا هەڵبگرن.

بۆیە دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکرات لە هەموو کاتێکدا، پەروەردە و پێگەیاندنی تاکەکانی وەکوو ئەرکی سەرەکیی خۆی داناوە تاکوو کەسانێکی وشیار و خاوەن ئیرادە بۆ داهاتووی ئەم گەل و نیشتمانە پەروەردە بکات و سەرکەوتن و سەربەستی بۆ نەوەکانی داهاتوو مسۆگەر بکات.

> **حیزبی دێموکرات بە نیشاندانی ڕێوشوێنی دروووست و مۆدێڕن لە هەر قۆناغێکی خەباتی خۆیدا، ژنانی بە بەشێکی حاشاهەڵنەگر و گرینگ لەو خەباتە پێناسە کردووە، بە شێوەیەک کە لە هەر قۆناغێکدا بەپێی کات و شوێن و دەرفەت، مەیدانی پێداون تاکوو هەنگاوێکی باش و پۆزەتیڤ لە پێناو نیشتمان و نەتەوەکەیاندا هەڵبگرن**

# ڕێژیمی ئاخوندی
# تا چەندەی تر دەتوانێت لەگەڵ ئەو هەمووە گوشارەدا بژیت؟

محەممەد سلێمانی

هەڕەشەکانی تاران لە ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ناوچەکە، ئەو وڵاتە بەرەو لووتکەی دارمانی سیاسی و ئابووری زیاتر دەبات و ئەگەر بێت و ڕێژیمی ئاخوندی لەسەر سیاسەتی پێشووی خۆی بەردەوام بێت، پێناچێت دروێنەی بەرهەمی باشی حوکمڕانی خۆیان بکەن و تەمەنی دەسەڵاتەکەیان درێژتر ببێتەوە. ڕێژیمی ئێران لە مێژووی سیاسی و فەرمانڕەوایی خۆیدا بەسەر گەلانی ئێراندا هەرگیز وەک ئەمڕۆ لە ژێر گوشاری گەورە و بەرفراوانی هەمەجۆرەی سیاسی و ئابووری و بازرگانی نێونەتەوەییدا نەبووە. بێگومان ڕێژیمێکی لەو چەشنە زۆر بەدژواری دەتوانێت لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا کە خۆی خولقاندوویەتی، زیاتر هەڵکات.

سەرئەنجام بریتانیا دژایەتی خۆی لەگەڵ حکوومەتی ئاخوندی بەکردار دەست پێکرد و «بۆریس جۆنسۆن» کە بە سیمایەکی دژبەری ڕێژیمی ئێران و هاوپەیمانێکی نزیکی سەرکۆماری ئامریکا ناسراوە، بە سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا. بۆریس جۆنسۆن لە لووتکەی قەیرانی نێوان لەندەن و تاراندا ئەو پۆستەی وەرگرتووە و بێگومان ئەو دەرفەتەی لە بەردەستدایە کە بەسوودی وڵاتەکەی لە ئاستی جیهاندا کار بکات و بۆ پاراستن و کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی ناوچە و گەرووی هۆرمۆز هێزێکی تایبەتی دەریایی لە وڵاتانی ئاڵمان و فەڕانسە و دانمارک و بریتانیا پێک بێنێت. سیاسەتی نوێی لەندەن لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە ڕێژیمی ئێران، بریتانیای بە ماکەی فیتنە و ئاژاوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناو برد و هێرشی زۆر توندی کردە سەر ئەو وڵاتە و دەستی بەسەر کەشتییەکی نەوتکێشی ئەو وڵاتەدا گرت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دوو هەڵوێستی حەسەن ڕۆحانی بکرێت کە بەتەواوەتی شێواوی و دووڕوویی ڕێژیم لەهەمبەر بریتانیا دەردەخات، ماوەیەك بەر لە ئێستە سەرکۆماری ئێران توندترین لێدوانی بەدژی سیاسەتی بریتانیا لە میدیای فەرمیی ڕێژیمی تاراندا بڵاو کردەوە و دژایەتی حکوومەتی لەندەنی وەك هاوپەیمانی ئامریکا ڕاگەیاند و لۆمەی ئەو وڵاتەی کرد.

پاش ئەوەیکە جۆنسۆن بوو بە سەرۆکوەزیرانی نوێ و سەرەڕای ئەوەش کە هێرشی بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکەی کرد کە دۆستایەتی «مەلاکانی» ئێرانیان هەڵبژاردووە و پشتیان لە دۆستە ئامریکاییەکانیان کردووە. ئەو قسەیە دەسەڵاتدارانی ئێرانی بەتەواوی نیگەران کرد و ڕۆحانی ناچار کرد، قسە و لێدوانەکانی ڕابردووی خۆی بە ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکوەزیرانی تازەهەڵبژێردراوی بریتانیا وەربگرێتەوە و بەفەرمی داوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بکات.

پەیامی پیرۆزبایی سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدایە، کە ئێران و بریتانیا بارگرژییەکانیان هەتا لێواری پێکهەڵپڕژانی سەربازی چووە و ئەو کەسەی کە وەك سەرۆکوەزیرانی بریتانیا هەڵبژێردراوە، بە مرۆڤێکی نەیاری ڕێژیمی ئێران و نزیك لە ترامپ ناسراوە و زۆریش دژی حکوومەتی ئاخوندییە و لۆمەی توندی دژبەرانی لە نێو پارلەمانی بریتانیای کردووە کە پەرەیان بە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ مەترسیدارترین ڕێژیمی ناوچەکە کە حکوومەتی تارانە داوە. جۆنسۆن زۆر بەخێرایی دژی سیاسەتی سەرەڕۆیانەی تاران هاتووەتە دەنگ و بە ڕێگای هێزی دەریاییدا هەوڵ دەدات، حکوومەتی ئاخوندی کونترۆڵ بکرێت و لە گەرووی هۆرمۆزدا دووری بخەنەوە یان بەتەواوەتی بێدەسەڵاتی بکەن. دەسەڵاتی تاران ناتوانێت هەڵوێستی لەندەن و وڵاتانی تری ئورووپا لە بەرژەوەندی خۆیدا بگۆڕێ و پەیوەندییە سیاسی و مێژووییەکانی تاران لەگەڵ بریتانیادا بگەیەنێتەوە ئاستی ڕابردوو. سیاسەتی شەڕەنگێزی و ئاژاوەگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران جۆرێك بووە، کە بەشێکی بەرچاو لە دۆستە ناوچەیی و ڕۆژئاواییەکان دڵسارد بکاتەوە و بکەوێتە قۆناغی تەریککەوتنەوەوە.

ڕێژیمی ئێراندا، ئەو وڵاتەی بە ئاستێك لە هەڕەشە گەیاندووە، کە تەنانەت حیساب بۆ هیچ کام لە دژبەرەکانی نەکات و بە زمانی زبر و توند لەهەمبەر سیاسەتی ئامریکا و هاوپەیمانەکانیدا هەڵوێستی تاران ڕابگەیەندرێت.

حکوومەتی ئێران بەکردەوە خۆی کردووەتە خاوەنداری ئەو ناوچە ستراتیژییەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە زۆر وڵاتی زلهێزی جیهان بە هەموو هێزیانەوە خەمی پێوە دەخۆن و بە هۆی سیاسەتی نەرم و نەبوونی قووڵایی ستراتیژی بیرکردنەوەیان لەهەمبەر بارودۆخەکەدا، بەداخەوە نەیانتوانیوە

ئیدارەی «ترامپ»ی بە ئاستێك لە ئاستەنگی زۆر گەورە گەیاندووە، کە لایەنگرانی وەشاندنی گورزی سەربازی لە ڕێژیمی ئێران، نەتوانن کۆدەنگییەکی شیاو بەدەست بێنن و هێرشی سەربازی نەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئاخوندی یان لاوازکردنی ئەو وڵاتە.

ڕێژیمی تاران سوودگەلێکی باشی لە سیاسەتی نە شەڕ و نە ئاشتی لەگەڵ واشنگتۆن و وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەرگرتووە و سیاسەتی نەرمی دژبەرەکانیان وەك دەرفەتێکی چاك قۆستۆتەوە و لە پەنای خۆشاردنەوەی سیاسەتی کرداری

ناوچەییەکان ڕێژیمی ئێران هەوڵی داوە زیاتر خۆی لەسەر ئاستی ناوچەییدا بە مافدار و حەقداری ئەو ناوچە ئاڵۆزە بزانێ و بەمەبەستی پاراستنی دەسکەوتە سیاسی و ئابوورییەکانی، بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژاو و کۆنترۆڵی گەرووی هۆرمۆز و ئەو ناوچە وشکانەش بکات کە دەبنە هۆی سەقامگیری و ئاسایشی وڵاتەکەیان.

حکوومەتی ئێران سوودی لە سیاسەتی نەرم و هێوری ئامریکا وەرگرتووە و کاتێك قسە بە دژی وڵاتێکی مەترسیداری وەك ئێران نەکەوێتە خانەی کردارییەوە، ناکرێت هیچ لایەك و تەنانەت کۆمەڵگای نێونەتەوەییش هەست بە ئارامی بکەن.

حکوومەتی ئێران زۆر بێباکانە هێرش دەکاتە سەر کەشتییە نەوتکێشەکانی بریتانیا و لەو ڕێگایەوە هەوڵی بەچۆکداهێنان و دوورخستنەوەی لەندەن لە واشنگتۆن دەدات.

دیارە ئەو کارەی ڕێژیمی تاران زۆرتر وەك کایەکردن بە ئاگرە و ئەگەر خۆیان لەسەر ئەو بیرکردنەوە و قووڵترکردنەوەی ناکۆکییەکان بەردەوام بن، بێگومان لە کورتخایەندا سوودێکی ئەوتۆ بۆ دەسەڵاتەکەیان نابێت و سیاسەتی نەرمی ئەو وڵاتانەش بەدژی ئێران گۆڕانی کرداری بە دوای خۆیدا دێنێت. لە ماوەی قووڵتربوونەوەی ناکۆکییەکانی ئامریکا و ڕێژیمی ئێران دەرکەوتووە، کە ڕێژیمی تاران بە ڕێگای سیاسەتی خاو و هەڵوێستی هێوردا حیساب بۆ هیچ کام لە دژبەرەکانی خۆی ناکا و

کاربەدەستانی ئامریکا و بریتانیا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان زیاتر لەو چوارچێوەیەدا خۆی بینیوەتەوە کە لە ژێر گوشاری ئابووریدا حکوومەتی تاران ناچار بە ملکەچکردن بکەن، دەرکەوت کە ئەو بیرۆکەیە ڕەنگە نەتوانێت گوشاری جیددی لەسەر حکوومەتی ئێران دروست بکات، چونکە زۆر ڕێگا و کاناڵی تر هەن کە تاران بتوانێت ژیانی ئابووریی خۆی زیاتر بگەشێنێتەوە.

هەر لە خۆیەوە نییە کە سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران، حەسەن ڕۆحانی بە ڕاشکاوی بێتە زمان و ئەو مەرج بۆ ئامریکا دابنێت، کە چۆن لەگەڵ ئامریکادا گفتوگۆ بکەن، سەبارەت بە کۆی کێشە و ناکۆکییەکانیان ڕۆحانی دەڵێت: ئێران مەرجی هەیە بۆ ئامریکا کە دانوستاندنیان لەگەڵ بکەن، کۆشکی سپی دەبێت گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر ئێران هەڵبگرێت و ڕێز بۆ ڕێککەوتننامەی بەرجامیش دابنێت، ئەوجا ئامادەن لە گەڵیاندا گفتوگۆ بکەن. ڕێژیمی ئێران زۆر ژیرانە لە ماوەی قەیرانی ئەو دوو وڵاتەدا سوودی لە هەڵوێستی خاوی واشنگتۆن بینیوە و هەر بۆیەش وەك زلهێزێکی گەورەی ناوچە لە ئاستی جیهاندا خۆی دەرخستووە و زۆر بێباکانە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی گەرووی هۆرمۆز دەدات.

ئەگەر ئامریکا و بریتانیا وەك دوو هاوپەیمان و هاوبەشی گرینگی ناوچەکە، ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی ناوچەکەیان بکردایە و لە بەرانبەر ئێراندا بەو جۆرە ڕفتاریان نەکردایە، ڕێژیمی ئێران بەو شێوەیە بێمنەت و زاڵ دەرنەدەکەوت و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانەی لەگەڵ مەترسی بەرەوڕوو نەدەکردووە. سیاسەتی هێوری ئێستەی ئامریکا بەدژی ڕێژیمی ئێران، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو سیاسەتەی ئۆبامادا نییە و بگرە هەریەك لەو دوو ئیدارەیە لەسەر شێواز و میکانیزمی تایبەتی خۆیان بە دژی ئێران کار دەکەن و هەر یەك لەو دوو ستراتیژییە سیاسییەی ئامریکا بە سوودی حکوومەتی ئێران بووە. ئۆباما دەرفەتی زۆری بۆ بەرژەوەندی ڕێژیم ڕەخساند و لەگەڵیاندا چووە ڕێککەوتنێکی ئەتۆمییەوە. ترامپ بە ڕێگای سیاسەتی نیوەهەڕەشە و هێوردا دەرفەتی زۆر باشی بۆ ڕێژیمی ئێران ڕەخساندووە، کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بەشێکی گرینگ و ستراتیژی لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدات و دژایەتی سیاسەتی ڕۆژئاوا و ئامریکا بکا و گوێ بە مەترسییەکان نەدات. سیاسەتی هێوری ئامریکا لە هەمبەر ئێراندا، ئەو دەرفەتەی پێك هێناوە کە ڕێژیمی تاران مەرج بۆ ئامریکا دابنێ کە بە چ جۆرێك ئامادەن لە گەڵیان دانوستان بکەن.

حکوومەتی ئێران هەتا دێت زیاتر هێژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا فەرز دەکا و بە زمانی هێرش و هەڕەشە لەگەڵ ئامریکا و وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژئاوا دەدوێ. چونکە بیرکردنەوەی تاران ئەوەیە کە ئامریکا ناچێتە شەڕێکی دیکەی ماڵوێرانکەر لەگەڵ وڵاتێکی تری ناوچەکەدا. ئەگەر هەتا دوێنێ کۆشکی سپی بەتەنیا دژایەتی سیاسەتی فراوانخوازیی تارانی لە ئاستی جیهان و ناوچەدا دەکرد، بە دوای تێکچوونی هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی تاران لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا، هەلومەرجی سیاسی لە بەرژەوەندی ئامریکادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئێستا زۆربەی هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئامریکا لە زۆر بواردا بەمەبەستی دژایەتی تاران و لاوازکردنی ئەو وڵاتە پشتیوانی سیاسەتی ترامپ دەکەن.

**ئاکامی ڕوانینی خاو و فەریکەی بەشێک لە سیاسییەکانی ئامریکا سەبارەت بە سیاسەت و ڕەفتاری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، بێگومان لە بیرکردنەوەی ئۆباما سەبارەت بە ڕێژیمی تارانەوە سەرچاوە دەگرێ بەچەشنێک کە سیاسەتی دەرەکیی ئیدارەی "ترامپ"ی بە ئاستێک لە ئاستەنگی زۆر گەورە گەیاندووە، کە لایەنگرانی وەشاندنی گورزی سەربازی لە ڕێژیمی ئێران، نەتوانن کۆدەنگییەکی شیاو بەدەست بێنن و هێرشی سەربازی نەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە**

حکوومەتی ئاخوندی و بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو وڵاتە بەتەواوەتی تووشی «ئالزایمری» بیرکردنەوە و لێکدانەوەی سیاسی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان هاتوون و هەر ڕۆژە و سیاسەت و هەڵوێستێکیان هەیە. حکوومەتی ئێران بەتەمایە ئەوە بسەلمێنێت کە تاران خاوەنداری گەرووی هۆرمۆزە و کەس بۆی نییە لەوێدا بەبێ ئیزنی ئەوان هاتووچۆ بکات و ئەگەر تۆزێك لە ڕووداوەکان ورد بینەوە، دەبینین کە تاران بە کردار ئێستا دەستی بەسەر گەرووی هۆرمۆزدا گرتووە و قسە و لێدوانی کۆشکی سپی و لەندەن شتێك نین کە تێیدا سنوورێك بۆ فراوانخوازی تاران دابنێت و دەست لە سیاسەتی خۆیان

هەرێمی سنووربەزاندنی ڕێژیمی ئێران بەرتەسك بکەنەوە و مەترسی لەسەر ئاستی ئەو ناوچەدا نەهێڵنەوە. بەدوای کێشە و ململانێی تازەی بریتانیا و تاران، لەندەن دەستی داوەتە هەوڵێکی جیددی بە مەبەستی پێکهێنانی هێزێکی تایبەتی دەریایی کە لەو ڕێگایەوە بتوانن ئاسایشی کەشتییە نەوتکێشەکانیان بپارێزن و سنوورێك بۆ حکوومەتی ئاخوندی ئێران دابنرێ.

زۆر جاری دیکەش ئەوە گوتراوە، کە پێناچێت تاران لە ڕێگای دیالۆگدا بە ڕفتار و سیاسەتەکانیدا و هەروەها بە ئاستی پەیوەندی و ئاڵۆزییەکانیدا بچێتەوە؛ هەتا ئەو کاتەی خۆیان بە حەقدار بزانن و ئامریکا و هاوپەیمانەکانیان

ئامریکا و هاوپەیمانەکانیدا، حکوومەتی ئێران ڕۆژ نییە گێچەڵ بە کۆشکی سپی نەفرۆشێت و پەلاماری دۆستە نزیك و هاوبەشە سیاسی و ئابوورییەکانی نەدات.

کاتێك باس دێتە سەر بەرجام، بەئاشکرایی کاربەدەستانی وزەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران دەڵێن: ئەو ماوەیە توانیومانە نزیك بە ٢٤ تۆن ئۆرانیۆم بەرهەم بێنن، کەوابوو ڕێژیمی ئێران زۆر ژیرانە سوودی لە دەرفەتەکان بینیوە و بەدڵنیاییەوە تاران هەتا ئەمڕۆش هەست بە مەترسیی زۆر جیدی ناکات و هەر بۆیەش لەسەر تاکتیکی هێرشبردنە سەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی ئەو وڵاتانە کە خۆیان لە ڕیزی ئامریکادا

هەروەك ئەوەیە نە بای بێت و نە بۆران. ئەگەر تۆزێك بە وردی لێکدانەوەی هەڵویست و لێدوانی بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی ئامریکا بکەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆشکی سپی لە هەمبەر ڕێژیمی ئێراندا، قسە و لێدوانەکانی بەکردار نەکردوون، هەر بۆیەش تاران زیاتر هاتۆتە بەرەوە و خەریکە هەڕەشەکان زیاتر دەکات. حکوومەتی ئاخوندی ئەگەر بە جیددی هەست بە مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەیان بکەن، ڕەنگە ئەو کات ڕێگایەك بگرنەبەر کە تێیدا گەرەنتی تەمەندرێژی دەسەڵاتەکەیان بکات. گوشار و کرداری سەربازی نەبێت، ڕێژیمی ئێران دەست لە سیاسەت و رفتاری خۆی هەڵناگرێت.

**حکوومەتی ئاخوندی ئەگەر بە جیددی هەست بە مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەیان بکەن، ڕەنگە ئەو کات ڕێگایەک بگرنەبەر کە تێیدا گەرەنتی تەمەندرێژی دەسەڵاتەکەیان بکات. گوشار و کرداری سەربازی نەبێت، ڕێژیمی ئێران دەست لە سیاسەت و رفتاری خۆی هەڵناگرێت. کاتێک لەگەڵ بڕیتانیادا پەیوەندییەکانیان پێی ناوەتە قۆناغێکی مەترسیدار، بەخێرایی داوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە سیاسی و مێژووییەکان لەگەڵ لەندەن دەکەن**

سەبارەت بە کۆی ئاڵۆزییە سیاسی و ئابووری و ئەمنییەتییەکانی جیهان هەڵبگرێت. پێکهێنانی هێزی هاوبەشی دەریایی هاوپەیمان بۆ پاراستنی کەشتییە نەوتکێشەکانیان لە گەرووی هۆرمۆزدا ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ئەو ناوچەیە بە چ قەیران و ئاڵۆزییەکی سیاسی و سەربازیدا تێپەڕ دەبێت.

هەڵویستی خاوی ئامریکا لەهەمبەر

بە داگیرکەر و هێرشبەر، زۆر دژوارە ئاشتی و ئاسایشی جیهان مسۆگەر بێت.

ئاکامی ڕوانینی خاو و فەریکەی بەشێك لە سیاسییەکانی ئامریکا سەبارەت بە سیاسەت و ڕەفتاری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، بێگومان لە بیرکردنەوەی ئۆباما سەبارەت بە ڕێژیمی تارانەوە سەرچاوە دەگرێ بەچەشنێک کە سیاسەتی دەرەکیی

ڕێک خستووە بەردەوامە و گوێ بە هیچ کەس و لایەنێك نادات.

بریتانیا وەك وڵاتێکی بەهێزی ئورووپایی کە مێژوویەکی دێرینی لە دەسبەسەرداگرتنی سەرچاوەی ئابووری و بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە و کۆنترۆڵی بەشێکی ئەو ناوەی لە دەستدا بووە، بە هۆی تێکچوونی هاوکێشە سیاسی و سەربازییە

کاتێك لەگەڵ بریتانیادا پەیوەندییەکانیان پێی ناوەتە قۆناغێکی مەترسیدار، بەخێرایی داوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە سیاسی و مێژووییەکان لەگەڵ لەندەن دەکەن، چونکە قسەکانی جۆنسۆن، تارانی تووشی سیاسەتێکی ناڕوون و بزرکردنی دەست و پێ کردووە و بەخێرایی داوای کاری چاك لە سەرۆکوەزیرانی بریتانیا دەکەن. لێدوانی



# قسەکانی حەسەن ڕووحانی لەبارەی کڕینی چەکوچۆڵەوە بەرنامەبۆداڕێژراوە یا دیسانەوە خەون و خەیاڵە؟

موختار نەقشبەندی



چەند ڕۆژ پێش، حەسەن ڕووحانی ڕایگەیاند کە بەپێی ڕێککەوتننامەی بەرجام، ساڵی داهاتوو، ماوەی پێنج ساڵەی قەدەغەکردنی کڕینی چەکوچۆڵی ڕێژیمی ئێران کۆتایی دێت و ئەم ڕێژیمە دەتوانێت هەموو جۆرە چەکێک بکڕێت. ڕووحانی ئەم قسانە لە دۆخێکدا دەکات کە بە هاتنە دەرەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام بەهۆکاری پشتیوانی ڕێژیمی ئێران لە تیرۆریزم و هەڕەشەی ئەم ڕێژیمە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا، بەشێوەیەکی کردەیی بەرجام بووەتە ڕێککەوتننامەیەکی تاکلایەنە و هیچ قازانجێکی ئابووری و سیاسی بۆ ڕێژیمی ئێران نییە و تەنانەت ئەگەر بەڵێنی وڵاتانی ئورووپاییش جێبەجێ بکرێت تەنیا کەمێک لە گوشارەکان کەم دەبێتەوە و هیچ دەسکەوت و ئیمتیازێکی بۆ ڕێژیمی ئێران بە دواوە نابێت. لەوانەیە ئەم لێدوانانەی ڕووحانی زیاتر ئالییەکی سیاسی ڕوو لە ناوخۆی وڵات بۆ کەمکردنەوەی تووڕەییەکانی بناژۆخوازان و دڵخۆشییەکانیان بە بەرجام و دەوڵەتەکەی خۆی بێت. لەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر لێکدانەوەی ئەم بابەتە، کە ئایا لە ڕووی سیاسییەوە ڕێژیمی ئێران دەتوانێت ساڵی داهاتوو چەکوچۆڵ بکڕێت؟ کاریگەری ئەگەری کڕینی چەکوچۆڵ لەسەر باری ئابووری و هێزی نیزامی ئێران چۆن دەبێت؟

بازاڕی کڕین و فرۆشتنی چەکوچۆڵ لە جیهاندا بازاڕێکی گرینگە و ساڵانە بەدەیان میلیارد دۆلار لە داهاتی وڵاتانی جیهان بۆ کڕینی چەکوچۆڵی نیزامی دابین دەکرێت و بە لەبەرچاوگرتنی بەردەوامی کێشمەکێشمە جیهانییەکان، بازاڕی چەکوچۆڵ هەروا زیاتر گەرم دەبێت. بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراوەی ئاشتی ستۆکهۆڵم ناسراو بە «سیپری» لە ساڵی ٢٠٠٩وە هەتاکوو ئێستا، هەناردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی قەیرانەکان و شەڕ لە ناوچەکەدا بە تایبەت بەردەوامی و پەرەسەندنی زیاتری شەڕی ساردی نێوان ڕێژیمی ئێران و وڵاتانی عەرەبی زیاتر بووە. وڵاتانی عەرەبی نزیک لە کەنداو بە تایبەتی عەرەبستان بەشێکی زۆری بەرهەمە ناپەتییە نێوخۆییەکانیان لە بواری نیزامیدا بەکار دەهێنن بەشێوەیەک کە عەرەبستان بەهەبوونی بڕی ٧٨٢ میلیارد دۆلار لە بەرهەمە ناپەتییە نێوخۆییەکانی، ٧٠ میلیارد دۆلار بودجەی نیزامی هەیە، کە بەبەراورد کردن لەگەڵ بودجەی ٤٧ میلیارد دۆلاری بریتانیا، کە بەرهەمە ناپەتییە نێوخۆییەکانی سێ قات زیاتر لە دەوڵەتی عەرەبستانە و ئەندامی شۆرای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بودجەی دەوڵەتی عەرەبستان بۆ بواری نیزامی زیاد لە ئاستی خۆیەتی.

بەڵام ئێران بەهۆی سیاسەتەکانیی ڕێژیمەوە لە چل ساڵی ڕابردووەوە بەهۆی دوژمنی و دژایەتی کردنی ئاشکرای ڕۆژاوا، دەرفەتی کڕینی چەکی پێشکەوتووی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی پێنەداوە و تەنانەت لە ژێر گوشاری دەوڵەتانی ڕۆژاوا بەتایبەت ئامریکا، لەگەڵ سنووردارکردنی کڕینی چەکوچۆڵ لە وڵاتانی ڕووسییە و چینیش ڕووبەڕوو بووەتەوە، بۆ نموونە ڕووسیە دوای فرۆشتنی سیستمی دیفاعی هەوایی ئێس ٣٠٠ بە ڕێژیمی ئێران، دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک و بە درەنگەوە ڕادەستی ڕێژیمی ئێرانی کرد. لە چەند دەیەی ڕابردووەوە ڕووسیە چەکگەلێکی بە ڕێژیمی ئێران فرۆشتووە کە لە ڕووی تێکنۆلۆژییەوە یەک نەسڵ لە دوای چەکە فرۆشراوەکانی وڵاتانی ڕۆژاواییەوە بووە یاخود فرۆشتنەکان بەشێوەیەکی سنووردار بووە. تەنانەت ئەو تێکنۆلۆژیانەی دروستکردنی چەکۆچۆڵی نیزامی کە ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای جیاوازەوە لە شیرکەت و وڵاتانی جیهانی بە نرخێکی زۆر گران کڕیویەتی، تێکنۆلۆژیای سەردەم نین و زۆرترینیان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٠ هەتا ١٩٨٠ی شۆڕەوی.

لەڕووی یاساییەوە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی بەرجام ڕێژیمی ئێران ساڵی داهاتوو دەتوانێت کڕین و فرۆشتنی چەکوچۆڵی نیزامی ئەنجام بدات، بەڵام مەحاڵ دەردەکەوێت کە هیچ وڵاتێک ئامادە بێت چەکوچۆڵ بە ڕێژیمی ئێران بفرۆشێت. هەر ئێستاش لە چوارچێوەی بەرجامدا کڕینی نەوتی ئێران و زۆر بابەتی دیکە یاسایی و ئازادە، بەڵام هەموو وڵاتەکان لە ترسی گەمارۆکانی ئامریکا، بەشێوەیەکی کردەیی ئێرانیان تەحریم کردووە، تەنانەت چینیش کە لەو ڕووەوە لە دژی گەمارۆکانی ئامریکایە، لە کردەوەدا هەنگاو بە هەنگاو کڕینی نەوتی ئێرانی کەم کردووەتەوە.

ئێستە چۆن دەکرێت، وڵاتانی جیهان کە لە ژێر گوشارەکانی ئامریکادا ئامادە نین هیچ جۆرە کڕین و فرۆشتنێکی ئابوورییان لەگەڵ ئێران هەبێت، چەکوچۆڵی نیزامی ئەویش لە جۆری پێشکەوتووەکەی بە ڕێژیمی ئێران بفرۆشن؟! بێگومان تەنیا گوشار و دژایەتی ئامریکا تەنیا هۆکار نییە، ئیسرائیلیش بە توندی لەگەڵ فرۆشتنی هەرجۆرە چەکێکی پێشکەوتوو بە ڕێژیمی ئێران دژایەتی دەکات و وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەش لەوانە عەرەبستان هەوڵ دەدات کە لە ڕێگەی گرێبەستی ئابووری و تەنانەت کڕینی چەکوچۆڵی نیزامی لە ڕووسیە و چین ڕێگری لە فرۆشتنی چەکوچۆڵی نیزامی بە ڕێژیمی ئێران بکات، هەر بۆیە مەحاڵ دەردکەوێت کە ڕووسیە و چین مامەڵە گەورەکانیان لەگەڵ عەرەبستان بکەنە قوربانی مامەڵە بچووکەکان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران. چونکە ڕێژیمی ئێران بە هۆی دارمان و کێشە جیدییەکانی ئابوورییەوە توانای کڕینی چەکوچۆڵ و پێداویستیی نیزامی قورسی نییە. لەلایەکی دیکەشەوە سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بەهۆی کارە تیرۆریستییەکانییەوە لەلایەن دەوڵەتی ئامریکاوە خراوەتە نێو لیستی گروپە تیرۆریستییەکان و فرۆشتنی چەکوچۆڵی نیزامی بە ئێران، ئەو مەترسییە بۆ فرۆشیارەکان دروست دەکات کە ئەم چەکوچۆڵانە لەلایەن سپای پاسدارانەوە بە دژی هێزەکانی ئامریکایی بەکاربهێنرێت و ئەم بابەتەش لەلای ئامریکا بە واتای هاوکاریکردن لەگەڵ تیرۆریزم دێت و بە دڵنیاییەوە وڵات و شیرکەتی فرۆشیاری چەکوچۆڵ لەگەڵ گەمارۆکانی ئامریکا و ڕێوشوێنە یاساییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

بەپێچەوانەی بانگەشەکانی ڕێژیم لە بەهێز نیشاندانی هێزی نیزامی ڕێژیمی ئێران، بەشێکی گرینگ لە چەکوچۆڵی هێزە نیزامییەکانیان بە تایبەت هێزی هەوایی کۆن و پرتووکاوە کە دووبارە چاککردنەوە و بەڕۆژکردنیان بە دەیان میلیارد دۆلار خەرج و تێچوو هەڵدەگرێت.

ئێستا با وادابنێین وڵاتانی ڕووسیە و چین ئامادەن چەکوچۆڵی نیزامی بە ئێران بفرۆشن، بەڵام ڕێژیمی ئێران بە کام پارە دەیهەوێت ئەم چەکانە بکڕێت؟ لە ئێستادا ڕێژیمی ئێران بۆ دابینکردنی بودجە و خەرجییەکانی دەوڵەت ڕووبەڕووی کێشە بووەتەوە و بەردەوامی گەمارۆ و دارمانە ئابوورییەکان و هەڵکشانی ئاستی هەڵاوسان دەبێتە هۆی دابەزینی داهات و ماڵیات لە ساڵی داهاتوودا، ساڵی داهاتوو ڕێژیمی ئێران لەگەڵ کێشەی ئابووری چەند قات زیاتر لە ئەمساڵ ڕووبەڕوو دەبێتەوە و دەرفەتی کڕینی چەکوچۆڵ و پێداویستییە نیزامییە قورسەکان کردەیی نابێت. هەروەها ڕێژیمی ئێران لەلایەنی ئابورییەوە توانای درێژەدانی بە شەڕی سارد لەگەڵ عەرەبستان نەماوە و پەرەسەندنی بەربەرەکانێیەکان و شەڕی سارد، زیاتر زیان بە ڕێژیمی ئێران دەگەیەنێت هەتا بە عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی. بەپێی ئاماری بانکی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨دا داهاتی بەرهەمی `ناپەتی نێوخۆیی عەرەبستان ٧٨٢ میلیارد دۆلار بووە و داهاتی ڕێژیمی ئێرانیش بە نزیکەی ٤٥٤ میلیارد دۆلار بووە.

بانکی جیهانی و باقی دامەزراوە جیهانییەکانی دیکە پێشبینی ئەوە دەکەن، کە ساڵی داهاتوو ئابووریی عەرەبستان دیسانەوە هەڵکشان تۆمار بکات، بەڵام کارناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە دارمانی ئابووریی ڕێژیمی ئێران هەروا بەردەوام بێت.

ئەمە ڕاستە کە شەڕی ساردی نێوان ڕێژیمی ئێران و عەرەبستان بووەتە هۆی ئەوەیکە گوشارێکی زۆر بۆ سەر ئابووریی عەرەبستان دروست بکات، بەڵام ئابووریی عەرەبستان ساڵ بە ساڵ هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەمە بەڵام بەردەوام لە بەرزبوونەوە و پێشکەوتندایە و کڕینی چەکوچۆڵ لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە و پەرەسەندنی شەڕی سارد، بە شێوەیەکی کردەیی دەبێتە هۆی خێراتر لەنێوچوونی ئابووریی ڕێژیمی ئێران.

لە بارودۆخێکدا کە خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی نانی پێویستی منداڵەکانیان لەگەڵ کێشەی جیددی بەرەوڕوون و ڕۆژبەڕۆژیش ڕێژەی بیکاران زیاتر دەبێت، بەداخەوە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران هەروا لە بیری هەناردەکردنی ئیدئۆلۆژی تیرۆریستانەیان و یارمەتیدانی گروپە تیرۆریستییەکان و پەرەدانی زیاتر بە ئاڵۆزییەکانی ناوچە و دوژمنایەتی کردن لەگەڵ دەوڵەتی ئامریکادان و قسەکانی ئەم دواییەی حەسەن ڕووحانی دیسانەوە دەیسەلمێنێت کە لە ڕێژیمی ئێراندا هیچ جیاوازییەک لە نێوان لایەنەکاندا نییە و لە کرداردا ئامانجی هەموویان یەکێکە و ژیانی خەڵکی لە وەبەرایەتییاندا نییە، ئەزموونی چل ساڵی ڕابردوو ئەوە نیشان دەدات کە هیچ هیوایەک بۆ چاکبوونی ئەم ڕێژیمە نییە و تەنیا ڕێگای ڕزگاری خەڵکانی ئێران لەم دۆخە لەناوچوونی ئەم ڕێژیمەیە.



# هێرشە سیستماتیکەکانی ڕێژیم بۆ سەر ناوچە غەیرە فارسەکان

نەوید کەرەمی

لە درێژەی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی و ناوەندگەرای دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئێراندا، بەردەوام و بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خەڵکانی دانیشتووی ناوچە سنوورییەکانی ئێران، کە بە زۆرینە لە نەتەوە غەیرەفارسەکانن، دەکەونە بەر هێرش، بێڕێزی و پەلاماری سیستماتیکی کاربەدەستان و دامودەزگاکانی ئەو ڕێژیمەوە.لەو پێوەندییەدا هەندێک لەو گوشار و هێرشە سیستماتیکانەی ڕێژیم کە لە بوارەکانی سەربازی، ئەمنی، ئایینی، ژینگەیی، ئابووری، شارستانییەت و هتد، کە بەردەوام بۆسەر ئەو ناوچانە لەئارادان و ژیانی خەڵکیان ئەستەم و ناهەموار کردووە و کەتوارێکی ناسالمیان بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە پێک هێناوە، لەم بابەتەدا دەیانخەینە بەرچاو و لەقاویان دەدەین.

هەڕەشەری سەربازی: بەپێی ئەو ڕاستییەی کە هەر لە سەرەتای ئینقلابەوە زۆربەی ئەو ناوچە غەیرە فارسانەی وەک کوردستان، بەلوچستان، ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێران، ئازەری و گیلەکەکان پرۆژە و بەرنامەی سیاسییان هەبووە و هەندێکیشیان وەک کوردەکان، عەرەبەکان و بەلووچەکان خوازیاری خۆبەڕیوەبەری و سەروەری سیاسی بۆ هەرێمەکەیان بوون و هەنووکەش هەر خەباتی بۆ دەکەن. ئەگەرچی ڕێژیم پاش چەندین شەڕ و هێرشی سەربازی توانیویەتی ئەو ناوچانە داگیر بکات و یاسای خۆی بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا بسەپێنێت، بەڵام هیچکات نەیتوانیوە خەون و خولیای ڕەوای ئەو خەڵکانە و ئازادیخوازان و مافویستانی نەتەوە غەیرە فارسەکان لەنێو ببات، هەر بۆیە بەردەوام لە ڕێگای زەبری سەربازی و ملیتاریزەکردنی ئەو ناوچانەوە درێژەی بە داگیرکارییەکانی خۆی لەو ناوچانە داوە.

تێڕوانینی ئەمنییەتی: هەڵکەوتەی جۆگرافیایی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران و هاوسنوورییان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ (ئەفغانستان، پاکستان، ئازەربایجان، تورکیە، عێراق و ...) بووەتە بیانوویەک بۆ ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچکات متمانە بە تاکەکانی ئەو نەتەوانە نەکات و هەمیشە بە چاوێکی ئەمنییەتییەوە بڕوانێتە ئەو شوێنانە.

لە ڕاستیدا چ لە ڕووی بازرگانی و چ ژینگەیی و تەنانەت سیاسیشەوە ناوچە غەیرە فارسەکان شارەگی ئێران بەئەژمار دێن و لە ئەگەری بەهێزبوون و هەڵگەڕانەوەیان لە ناوەند، بە یەکجاری دەسەڵاتی ناوەندی تێک دەڕووخێت، هەر ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بەردەوام بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی و شەڕ لە نێوان ئەو نەتەوانە، پەرەدان بە فەقر و هەژاری لەو ناوچانە و بەتاڵانبردنی خاک و سەرمایەکانیان، هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەمنییەت و ژیانی ئەو ناوچانە لە نێو بەرن.

فەرهەنگی: بنیاتنرانی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای یەک زمان و یەک نەتەوە لە ئێراندا، بووەتە هۆکاری سەرەکی ئینکاری نەتەوە و زمانە غەیرە فارسەکان لەو وڵاتە و هەوڵی سیستماتیکی کاربەدەستان بۆ تواندنەوەی ئەو نەتەوانە و لەنێوبردن و بنبڕکردنی زمانەکانی دیکە، هەر لەو سۆنگەوەیە کە بە درێژایی ٤٠ ساڵی رابردوو هەموو هەوڵی خۆیان خستووەتە گەڕ کە پێش بە خوێندن و خوێندنەوە بە زمانە غەیرەفارسەکان بگرن و بەردەوام لە کاناڵەکانیشدا دەستیان داوەتە بێڕێزی و سوکایەتی بە زمانەکانی کوردی، ئازەری، بەلوچ و عەرەب و خەڵکانی ئەو نەتەوانەیان بە دواکەوتوو و بێفەرهەنگ پیشان داوە.

ژینگەیی، ئابووری و شارستانییەت: داگیرکردن و خۆسەپاندنی ڕێژیم بە زەبری سپای تیرۆریستی پاسداران بەسەر ناوچە غەیرە فارسەکان و قەدەغەکردنی زمان و داب و نەریت و فەرهەنگی ئەو نەتەوانە، دروست کردنی دەیان قەیرانی سیاسی، ژینگەیی و ئابووری لەو ناوچانە، هەمووی بۆ سیاسەتی دژەگەلی کۆماری ئیسلامی و بایەخدان بە ناوەند و بێبایەخکردن و سوککردن و پشتگوێ خستنی سنوورەکان دەگەڕێتەوە. هەر بە پێی ئەو سیاسەتەیە کە خەڵکی بومەلەرزەلێدراوی کرماشان و سەرپێڵی زەهاو، لافاولێدراوانی شیراز، لوڕستان و خۆڕەمشار پاش چەندین مانگ تێپەڕین بەسەر ئەو کارەساتانە هەنووکەش هەر بێسەرپەنا و ماڵوێرانن.

سەرمایەی ژێرزەوینی و سەرزەوینی (کانزاکان و ئاوی شیرین)ی ئەو ناوچانە لە باتی ئەوەیکە ببێتە مایەی بەختەوەری بۆ خەڵک و گەشەسەندن بۆ ئەو ناوچانە، لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندگەراوە بەتاڵان دەبردرێن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو ناوچانە وێران وشکتر دەبن، یان بە بیانووی گەشەدان بە کەرتی وەرزێڕی و کشتوکاڵ لە ڕێڕەوی چۆمەکاندا بە بەستنی بەنداوەکان و پاشان گواستنەوەی ئاوەکانیان بۆ شارە فارسنشینەکان، دەرهێنانی کانزا بەپیتەکانی ئەو ناوچانە و گواستنەوەیان و بێبەش کردنی ئەو شوێنانە لە هەرجۆرە خێر و بێرێک، پەرەدان بە بێکاری لەو شارانە و ناچارکردنی خەڵک بە بەجێهێشتنی زێدەکەیان و تەنانەت فرۆشتن و هەراجکردنی ماڵ و حاڵیان، هەر هەمووی لە پێناو لاوازکردنی نەتەوە غەیرەفارسەکان، کاولکردنی ئەو هەرێمانە و تواندنەوە و جینۆسایدی زمانی و کلتووری وان و بە پێچەوانەوە بەهێزکردنی ناوەند و زمانی فارسیدایە.

ئەزموونی ٤٠ ساڵەی ئەو ڕێژیمە دەریخستووە کە تا ئەو کاتەی خەڵکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران لە بەرانبەر ئەو پیلانانەی ڕێژیمدا بێدەنگی هەڵبژێرن و بەشێک بن لە سیاسەتە کاولکارانەکانی ڕێژیم، ئەو ڕێژیمە نەک هەر هیچ ئاڵوگۆڕێک لەخۆیدا پێک نایەنێت، بگرە ڕۆژلەدوای ڕۆژ پیلان و بەرنامە گڵاوەکانیشی بۆ لەنێوبردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان چڕتر دەکاتەوە؛ بەڵام ئەو کاتەی کە نەتەوە غەیرەفارسەکان بە یەکگرتوویی بەرەوڕووی ئەو سیستمە کلۆنیالیستی و تۆتالیتێرە ببنەوە هەموو شتێک گۆڕانی بەسەردا دێت.

# خەباتی فرەڕەهەند

میرزانیار یادگار

**سەرەتا:**
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێکەوتی ١٩ی مارسی ٢٠١٦، دوابەدوای پەیامی نەورۆزی کاک «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزب، شێوازێکی نوێی خەباتی لە مێژووی حیزب و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە کۆدی «ڕاسان» دەست پێکرد. ئێستا دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر دەستپێکی ئەم شێوازە نوێیەی خەباتدا و هاوکات پشتیوانی بەرچاوی خەڵکی کوردستان لەم خەباتە، پێویستە پرسیارگەلێکی هەستیار لەڕاستای زیاتر ناساندنی ئەم شێوازەی تێکۆشان بوروژێنین تاکوو بتوانین پاڵپشتییەکی زیاتری خەبات بکەین و هاوکات هەنگاو بنێین بۆ بەهێزترکردنی جووڵانەوە و چارەسەری کەموکوڕییەکان.

چەمکێکی جێی سەرنج و تێڕامان کە لە سەرەتای دەستپێکی «ڕاسان»ەوە فۆکۆسی بەردەوامی ڕێبەری حیزبی دێموکرات و هەروەها ڕاگەیاندنی نووسراو و بینراوی حیزبی دێموکراتی لەسەر بووە خەباتی فرەڕەهەندە، بە جۆرێک کە ڕاسان وەکوو شێوازێکی فرەڕەهەندی خەبات باسی لێوەدەکرێت و پێناسە دەکرێت بۆیە دەتوانین بەم پرسیارە بچینە نێو باسەکەمانەوە، مەبەست لە خەباتی فرەڕەهەند چییە؟ و دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەکرێ بپرسین گرینگی خەباتی فرەڕەهەند چییە؟ و لە کۆتاییشدا تیشک بخەینە سەر ئەوەی کە ئایا هاوئاستی ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات پێویستە؟ و هاوکات بپرسین لە ئەگەری نەبوونی هەلی لەبار بۆ هاوئاستی ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات ئایا ئەمە بە واتای کێشە دێت یاخود نا ؟

## خەباتی فرەڕەهەند چییە؟

خەباتی فرەڕەهەند بریتییە لەو شێوازەی خەبات کە لە چوارچێوە و ڕەهەندێکی بەرتەسکدا نامێنێتەوە بەڵکوو هەوڵ دەدات هەل بڕەخسێنێت تاکوو لە بوار و ڕەهەندە جیاوازەکاندا تا ئەو جێگەیەی بۆی دەلوێت و توانایی هەیە، بوونی هەبێت و بتوانێت ئەم بوارە جیاوازانە بەکاربهێنێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی تاکتیکی و ستراتیژی و بەمەش هەرچی زیاتر لە ئامانج و داخوازییەکانی خەبات نزیک ببێتەوە. ئەم پێناسەیە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە بەدەستپێکی «ڕاسان»، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ دەدات بوار و سنوورەکانی خەباتی کلاسیک تێپەڕێنێت و لە ئاست و بوارگەلێکی نوێوە هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئامانج و داخوازییەکانی بنێنێت. لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت: ئاخۆ ئەو ڕەهەندانە چین یاخود دەتوانن چ بوارگەلێک بن؟

ڕەهەندێکی دیار و بەرچاوی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە بە هۆی هەلکەوتەی سیاسی، مێژوویی و جوگرافی دۆزەکەیەوە بەردەوام شێوازی باوی خەبات بووە و هێژمۆنی لەسەر زۆرینەی مێژووی جووڵانەوە هەیە ڕەهەندی سەربازی و چەکداری جووڵانەوەیە، هەرچەندە دوژمنانی کورد و داگیرکارانی کوردستان بەردەوام هەوڵیان داوە زاڵ بوونی ئەم ڕەهەندە بۆ ئەوە بگەڕێننەوە کە میللەتی کورد شەڕخوازە هاوکات زۆرجاریش لەم سۆنگەیەوە جووڵانەوەیان بە دەستکردی کۆلۆنیالیزم و هێزە هەرێمی و جیهانییەکان زانیوە و ئەوەندی بۆیان کرابێت لە هەوڵی بەرەودان بەم تێڕوانینەیان بوون لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچ نەتەوەیەکی بندەست ئەگەر هەلی مامەڵەی ئینسانی و هاووڵاتی پلە یەکی بۆ ڕەخسابێت و لانیکەمی مافەکانی دابین کرابێت و بواری مەدەنیش بۆ خەباتی سیاسی لەڕاستای بەدەستهێنانی تەواوەتی مافەکانی ڕەخسێنرابێت و کەمترین داواکاری بە مەترسی بۆسەر یەکپارچەیی جوگرافیای بەزۆر سەپێنراو نەزانرابێت، هیچ کاتێک پەنای بۆ خەباتی چەکداری نەبردووە؛ واتە بەدەنگهاتنی چەکەکان بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەی بندەست بووە بەو گوێیانەی کە لە ئاست زمانی دیالۆگ و ئاخاوتنی مەدەنیانەدا کپ بوون. کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە تێڕوانینی باوی داگیرکارانی کوردستان بۆ جووڵانەوەی شوناسخوازی کورد تا ئێستاش بەداخەوە تێڕوانینێکی نەرێنییە و دۆزی کورد لە عەقڵیەتی داگیرکاراندا هێشتاش وەکوو هەڕەشەیەک بۆسەر یەکپارچەیی جوگرافیای بەزۆرسەپێنراو چاوی لێدەکرێت نەک خەباتی نەتەوەیەکی بندەست بۆ پاراستنی شوناس و هەبوونی خۆی بۆیە تا ئێستاش ڕەهەندی سەربازی جووڵانەوە ڕەهەندێکی باو و بەرچاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە میراتگری قوتابخانەی ڕێبەرێکی خاوەن ئەندێشە و هزری سەردەمیانەی وەک دوکتور قاسملوو و تیۆریسیەنی بە نێونەتەوەییکردنی دۆزی کوردیش ئەم ڕێبەرە کاریزماتیکەیە، کەواتە سروشتییە دیپلۆماسی نێونەتەوەیی و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی ڕای گشتیی جیهانی بۆ دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ببێتە ڕەهەندێکی دیکەی ئەم خەباتە نوێیەی حیزبی دێموکرات. هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییە سەردەمییەی کە ڕەوتی بەجیهانیبوون و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەلێکی لەبار و گونجاویان ڕەخساندووە بۆ ناساندنی زیاتری دۆزی کورد و هەروەها ڕاکێشانی سەرنجی جیهانی بۆ دۆزەکە، بەمەش ئەگەری ڕەخساندنی هەل و دەستکەوتی دیپلۆماسی و بەدەستهێنانی هاودەنگی لە نێو دنیای دەرەوە لە ئاستی جەماوەری و نوخبەی سیاسی ئەو وڵاتانەدا چۆتە سەرێ.

«ڕاسان» وەک شێوازێکی نوێی خەبات بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ئاڵوگۆڕانە و هەروەها بەردەستبوونی هەل و ئەگەرە نوێیەکانی سەردەم هاتۆتە کایەوە.

ڕەهەندە جیاوازەکانی دیکەی «ڕاسان» خۆی لە میدیا، پەروەردە و شێوازە نوێیەکانی ڕێکخستندا دەبینێتەوە کە لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەمە سەریان و فۆکۆسی بنەڕەتیشم لەسەر ڕەهەندی میدیاییە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە تێکنۆلۆژیای سەردەم هەلێکی لەباری میدیای بۆ نەتەوەیەکی بندەستی وەک کورد ڕەخساندووە کە بتوانێت هەنگاوی کردەیی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێونەتەوەیی بەلای دۆزەکەیدا بنێت، هاوکات میدیا پێویستە ببێتە سەنگەرێکیش بۆ بەرپەرچدانەوەی شەڕی نەرمی داگیرکارانی کوردستان کە ئەم بابەتە دەرکەوتەیەکی نوێی سەردەمە و دەبێت هەستیارانە لەگەڵیدا بجوڵێینەوە و هەرئەوەشە کە وادەکات گرینگییەکی زۆر بە ڕەهەندی ڕاگەیاندن و میدیایی خەبات بدرێت چونکە بەهێزبوونی ئەم ڕەهەندە زامنی بەهێزبوونی ڕەهەند و بوارەکانی تریشە.

پەروەردە ڕەهەندێکی گرینگی تێکۆشان پێک دەهێنێت و تاکەکانی بەشدار و پێکهێنەری جەستەی بزووتنەوەیەک پێویستە بە پەروەردەیەکی سەردەمیانەی وەڵامدەر بە گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگە و دەرەوەی کۆمەڵگەش پەروەردە بکرێن.

هەر جووڵانەوەیەک کە ڕێکخستنی نەبێت، بێگومان تووشی سەرلێشێوان دەبێت و ناتوانێت توانایی و هێزی مرۆیی بزووتنەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی ڕێک بخات بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی هەل و مەترسییەکانی سەردەم، پێویستە ڕێکخستن وەک ڕەهەندێکی بنەڕەتی و هەستیار ڕۆڵ بگێڕێت لە ڕاستای ڕاکێشانی زیاتری هێزی مرۆیی و هاوکات داهێنانی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی مەدەنی بۆ بەتەنگهێنانی دوژمن.

## گرینگی فرەڕەهەندبوون چییە؟

بەهێزبوونی هەر خەباتێک خۆی لە توانایی ئەو خەباتە بۆ فرەڕەهەندبوون دەبینێتەوە چونکە سەرکەوتن لە بەدیهێنانی فرەڕەهەندبووندا دەبێتە هۆی ئەوەیکە تۆ بتوانیت لە زیاد لە کاناڵێکەوە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانت بدەیت و هاوکات لە زیاتر لە سەنگەرێکیشەوە ڕووبەڕووی دوژمن ببیەوە کە ئەمەش توانای تۆ بۆ فشار خستنە سەر دوژمن زیاد دەکات و لە بەدیهێنانی ئامانج و داخوازییەکانت نزیکتر دەکاتەوە.

## پێویستی هاوئاهەنگی ڕەهەندە جیاوازەکان

هاوئاهەنگی بە واتای هەنگاوی هاوبەشی ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات بۆ بەدیهێنانی ویست و ئامانجی هاوبەش دێت، واتە ڕەهەندە جیاوازەکان دەبێت لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا هەبێت و وەڵامدەری داخوازییەکان و لە ئاستی چاوەڕوانییەکانیشدا بن.

دیارە دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە زۆرجار خەباتی نەتەوەیەکی بندەست لەگەڵ سنوورداربوونی توانایی مرۆیی و ماددی بەرەوڕوو دەبێتەوە کە ئەمەش نابێت وەک کێشەیەکی بێ چارەسەر چاوی لێبکرێت بەڵکوو هاوئاهەنگی نێوان ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات و لێکتێگەیشتنی نێوانیان دەتوانێت کەم توانایی لە ڕەهەندێکدا جا بە هەر هۆکارێک بێت بە بەتوانای لە ڕەهەندێکی دیکەدا قەرەبوو بکاتەوە؛ بە واتایەکی دیکە ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات دەبێت ڕۆڵی یەکتر تەواوکردن بۆ یەکدی بگێڕن و هەموان بەرەو بەدیهێنانی ویستی هاوبەش هەنگاو بنێن.

# کۆنگرەی میلیی «ڕەواداری» و «دیگەرپەزیری»

کۆسار ئەحمەدی

ئەم باسە و بەڕێوەچوونی ئەم بەناو کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆڕبەندانە دەرفەتی هەراو دەخوازێ و پێویستە هەموو ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکان، بەپێی هەلومەرجی زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بخرێنە بەرباس و بەشێوەیەکی زانستییانە شەنوکەو بکرێن. هاوکات ئامانج و دەرئەنجامەکانی ئەم کارانە شی بکرێنەوە.

لە هەمان کاتیشدا دەبێ بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کورد بۆ سیاسەتدارشتن و دوورنەکەوتنەوە لە فەزای واقیعیی ڕۆژهەڵات، ئەو مەترسییانە بە هەند وەرگرێ و سیلەی چاوێکی لەو ڕەوتانە بێت کە خەریکن ئایدۆلۆژیا و بۆچوون و بنەما فکرییەکانی خۆیان پەرە پێ دەدەن و جێ بە فیکرە ناسیۆنالیست و ئازادیخوازەکان لێژ دەکەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ڕووداوەکانی ئەم دوو سێ ساڵە کە بەسەری هاتووە و لە هەموو لایەکەوە (هەڵبەت لایەنە نێودەوڵەتییەکەی) هەوڵی کورتکردنەوەی دەستی ئەو ڕێژیمەیان لە ناوچەکە داوە، بەڵام هێژمۆنی و دەستڕۆیشتوویی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەچاو ئەو هەوڵانەی دراوە تارادەیەک هەر بەردەوامە و دەرەوەی سنوورەکانی کردووەتە مەیدانی تەڕاتێن و ڕمبازێنی هێزەکانی خۆی بەرانبەر بە نەیارانی.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و لە سەرووی هەمووانەوە زلهێزێکی وەکوو ئەمریکا تاکوو ئێستاش نەیتوانیوە بەگوێرەی ئەو سیاسەت و پلانانەی دایڕشتووە چۆک بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دابدات. ڕێژیمی ئێرانیش هەروا نیشان دەدات کە پشوودرێژە و جارێ دەتوانێ سەری هەناسە هەڵاوێ و بەرگەی ئەو گەمارۆ و گوشارانە بگرێ کە بەسەریدا سەپێندراوە.

ئەو شتانەی لە سەرەوە باسم کرد، بەشێوەیەکی خشکەیی و تیژتێپەڕ هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بوون لە دژی کۆماری ئیسلامی. ئەوجار ئەگەر ئاوڕ لە نێوخۆی ئێران بدەینەوە، ڕووداوەکان بە جۆرێکی دیکەن.

هەڵبەت سەرەتای گەمارۆ و گوشارەکانی ئامریکا، لە نێوخۆی ئێران هێندێک ئاڵۆزی و بشێوی داوێنی ئێرانی گرتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی جێگرەوەیەک (ئەلتەرناتیڤ)ی بەهێز و درێژماوە لە دژی سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕەوتی نارەزاتییەکان دامرکایەوە و درێژەی نەکێشا.

بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی سەرتاسەری و دەروەست و ڕێبەرایەتی نەکردنی ئەو ئاڵۆزی و نارەزایەتییانە، ڕەوشەکە هێور بووە.

ئەگەر لە فەزای نێوخۆی ئێرانیش ئەوجار ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاق بکەینەوە و تیشک بخەینە سەری، زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. کۆماری ئیسلامی زۆرباش دەزانێ لە ئەگەری هەر گۆڕانکاری و ئاڵۆزییەکدا کە پتر لە هەموو شوێن و نەتەوەیەکی دیکە سەرئێشەی بۆ ساز دەکات، کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشکی شێریان وەبەر دەکەوێ. ماوەی پێشوو کۆنگرەیەکیان بەناو «کۆنگرەی ناودارانی» کورد لە سنە بەڕێوەبرد تا بە جۆرێک لە جۆرەکان پیاوچاکی و نیازپاکیی خۆیان نیشان بدەن، بەڵام دوو شت لەو بەناو کۆنگرەیەدا زۆر گرینگ بوون:

١. پێناسەکردنی کورد لە چوارچێوەی هێژمۆنی و ئیدئۆلۆژییەکانی خۆیاندا وەکو پرسێکی فەرهەنگی نەک سیاسی لە چوارچێوەی ئێراندا. (یەکێک لە هەوڵە بنچینەییەکانی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان (داگیرکەرەکان) بۆ بەلارێدابردنی پرسی سیاسیی بەرحەق و نەتەوەییانەی کورد و حاشاکردن لەو ڕەوتە).

٢. کەڵکوەرگرتن لە هێندێک سیما و کەسایەتیی خۆشناوی نێو کۆمەڵانی خەڵک و هێندێک دەرفەت خوڵقاندن بۆ خۆنواندنیان (هەڵبەت لەنێو ئەو کەسایەتییانەشدا کەسانی دڵسۆز و بەمشووری تێدابوو کە ئەودیوی هەوڵەکانی دەسەڵاتیان وەپشتگوێ دابوو و نەیانتوانی خۆیان لە بازنەی چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکاندا پێناسە بکەن و ئەو کۆنگرەیان بە دەرفەتێک بۆ ئاوڕلێدانەوەی پتری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پرسی کورد دەزانی).

هەڵاواردن و تەریککردنەوەی کورد وەکوو نەتەوە لەسەر ئاستی کوردستان و بەرتەسککردن و دابەشکردنی ئەو پرسە بۆ سەر ئاستی پارێزگای سنە نەک چوار پارێزگاکەی دیکە (ورمێ، ئیلام، کرماشان، لوڕستان، بەشێک لە خۆراسان و هەمەدان)، دەرخەری ئەو هەوڵە نەزۆکانەیە کە ڕێژیمی ئێران لەمێژە هیوای پێیەتی و بە کردەوەش وەکوو «فەرهەنگ» کاری بۆ کردووە و خزاندوویەتە نێو خەڵکی کوردیشەوە و بەم کارە خەریکە شەڕەکە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە و وەکوو بیرۆکەش پەرەی پێ دەدات.

دوابەدوای «کۆنگرەی ناوداران» لە سنە، لە شاری مەهابادیش «کۆنگرەی میللیی ڕەواداری و دیگەرپەزیری» بە نێوەرۆکێکی دیکەوە بەڕێوەچوو. زەقکردنەوەی بیرۆکەی «اخوانالمسلمین» بە ڕێبەرایەتیی «جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح»(سولەیمان مەنگوڕی و سەلاحەددینی خەدیو لە کەسانی شوێنکەوتوو و متمانەپێکراوی ئەو ڕەوتە لە مەهاباد، بە هێندێک جیاوازیی بیرکردنەوە و ڕەخنەگریی بێئەملاوئەولا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) و هەروەها حەوانەوە و وێکهەڵکردنی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکەیەدا و لەباربردن و بەرتەسککردنەوەی بیری نەتەوەییانە و تێکدانی دێمۆگرافیای شارە کوردنشینەکان و چراسەوزی دەسەڵات، ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندن کە ئەسپی خۆیان غار بدەن.

بەداخەوە لەبەر بۆشایی کاری حیزبی دێموکرات لە ماوەی دە پازدە ساڵی ڕابردوودا، بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کورد زۆر شتی لەدەست داوە و دەرفەتی بۆ ئیسلامییەکان و لایەنەکانی دیکە (ڕیفۆرمخوازانی کوردی پشتیوانی دەسەڵات) خۆش کرد کە بەو دەرفەتەی بۆیان ڕەخساوە، وا بنوێنن کە «کەس دەسکیان لەدوو ناکات».



تەنیا سەرمایە کۆمەڵایەتییەکەی حیزبی دێموکرات، خۆشەویستییەکەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا پاراستووە و ئەوەش تا سەردەمێکی دیاریکراو دەتوانێ پاساوی کارەکان بێت، دەنا مەیدانی کار و تێکۆشانەکەی زۆر لاواز بووە. کەوابوو بە هێندگرتنی کاری پەروەردەیی و سیستماتیک لەنێو حیزبی دێموکراتدا (پەرەپێدان و کەڵکوەرگرتن لە وزەی تازەپێگەیشتوو و نەتەوەخوازانەی نێو ڕیزەکانی شۆڕش تاکوو بکەران، بانگەشەکەران و شوێنکەوتوانی بیری ڕیفۆرمخوازی (ئیسلاحتەڵەبی) چیدی نەبنە کەوا سووری بەر لەشکر و سیمای ڕاستەقینەیان وەدیار بکەوێت و ڕاستەڕێی وەدیهێنانی ویست و داوخوازییە نەتەوەییەکانمان بە لاڕێدا نەبەن) دەتوانێ شەپۆلێکی بەهێز وەڕێ بخات تا ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و بەر بەو مەترسییانە بگرێ. ئەگەر حیزبی دێموکرات نەتوانێ سەرنجی ئەو تەیفانە بۆلای خۆی ڕابکێشێ و بەهێزتر خۆی دەربخات، بەبێ شک دۆڕاوی ئەو مەیدانە دەبێت.

کاکڵ و نێوەڕۆکی ئەو کۆنگرەیە بەگشتی بەم شێوەیە بوو:

١. دڵسۆزی و نیازپاکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە نەتەوەکان بەگشتی و کورد بەتایبەتی لە بابەت چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەی دیکە (پەرەپێدانی بیرۆکەی «اخوانالمسلمین» بە شوێنکەوتوویی جەماعەتی «دەعوەت و ئیسلاح»)، چونکە ئەوان بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەی مەترسی نازانێ و تەنیا شتێک کە ئەوان ئاوڕی لێ نادەنەوە، کێشە نەتەوەییەکانە و ئەو بیرۆکەیەش دەتوانێ لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا زیاتر پەرە بە خۆی بدات و ڕەوایی بەو دەسەڵاتە و ئامانجەکانی ببەخشێ.

٢. کەمڕەنگکردنەوە و بێبایەخ نیشاندانی کاری حیزبە کوردی و نەتەوەییەکان و پاشقولدانیان لەسەر ئاستی سەرتاسەریدا و گرێدانیان بە بیرۆکەی جوداییخوازی و تیرۆریستیدا.

٣. پاش گوشار و گەمارۆکان ڕێژیمی ئێران بەتەمایە بە بەڕێوەبردنی ئەو بەناو کۆنگرانە خەڵکێکی زۆر بەو شتانەوە خەریک بکات و بیر لە نارەزایەتی و وەدنگهاتن نەکەنەوە و پرسەکان لەو چوارچێوانەدا پێناسە بکەن.

٤. دابەزاندن و هێنانەخواری هەموو پرسە ڕەوا و سەرەکییەکانمان تا ئاستێک کە بە بەڕێوەچوونی کۆنفرانس و کۆڕبەند و کۆڕی لەم شێوەیە کە لەبنەڕەتدا هیچی لێ شین نابێتەوە و بە چەشنێک سەرپۆشدانانی هەموو ئەو داوا بەرحەقانە کە سەردەمانێکە بەدوایاندا عەودالین، خەنیمان بکەن و لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا وا بنوێنن کە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیست و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی خەریکە ئاوڕمان لێ دەداتەوە.

٥. بەرجەستەکردنی چەمکی «ئەوی تر(other)» بە تێگەیشتن و مەعریفەی دەسەڵات، نەک کاکڵی سەرەکیی بابەتەکە لە نێوان دوو یان چەند نەتەوەی جیاوازدا بە پێشینەی جیاوازی زمانی، فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ویژمانی (دیسکۆرس) و... هتد و کۆڵینەوە و وەردانەوەی هەموو ئەو پرسانە لە بەستێنێکی کراوە و شیاودا.

# ئەمنییەتی ژنان لە شوێنی کار و کۆمەڵگا

ئاسۆ ساعدی

**بە سەرهەڵدانی شارستانییەت و ژیانی مرۆڤایەتی بە شێوەی بەکۆمەڵ، باسی ئەمنیەت بەتایبەتی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی، شکڵ و بابەتێکی گرینگ و پێویستی جێی باسی بە خۆیەوە گرتووە. بە جۆرێک کە بە لەناوچوونی، ئاسوودەیی مرۆڤ لەنێو دەچێت و پەشێوی، دڵەڕاوکێ و نائارامی جێگای دەگرێتەوە**

## ئامانج

ئامانج لە نووسینی ئەم جۆرە بابەتانە ڕوونکردنەوەی خەڵک و ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە بە سیاسەتی شەڕی نەرم، کۆمەڵگا بەرەو نەمان و تووشبوونی هەموو چین و توێژەکانی بەرەو زیانی کۆمەڵایەتی قەرەبوونەکراوە دەبات، کە بەداخەوە زۆربەی خەڵکەکەش هێشتا بەو ئاستە لە هۆشیاری نەگەیشتوونە کە بزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەست و پێوەندییەکانی تا چ ڕادەیەک هەوڵ بۆ بەلاڕێداچوونی خەڵک و دوورکردنەوەیان لە سیاسەت و مەسەلە نەتەوەییەکان و مافە تاکەکەسی و گشتییەکانیان دەدەن.

## پێشەکی

بێگومان پێویستی بەرەوپێشچوونی هەر کۆمەڵگایەک لە ڕەهەندە جیاجیاکانەوە، هەست کردن بە ئەمنییەت لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگایە و لەم بوارەشدا ئەمنییەت و هەست کردن بە ئەمنییەتی توێژە زیانپێگەییوەکان وەکوو ژنان، گرینگی زۆرتری هەیە.

ئەمنییەت هەر لە کۆنەوە یەکێک لە گرینگترین ترس و نیگەرانییەکانی مرۆڤ بووە و هەروەها لە پێداویستی و پاڵنەرە سەرەکییەکانی مرۆڤ دێتە ئەژمار. بە سەرهەڵدانی شارستانییەت و ژیانی مرۆڤایەتی بە شێوەی بەکۆمەڵ، باسی ئەمنییەت بەتایبەتی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی، شکڵ و بابەتێکی گرینگ و پێویستی جێی باسی بە خۆیەوە گرتووە. بە جۆرێک کە بە لەناوچوونی، ئاسوودەیی مرۆڤ لەنێو دەچێت و پەشێوی، دڵەڕاوکێ و نائارامی جێگای دەگرێتەوە، لەناوچوونی زۆربەی پێویستییەکانی مرۆڤ لە بارمتەی ئەمنییەتدایە، هەروەها هەرەپێویست و سەرەکییە بۆ بەهرەمەند بوون لە ئازادی ئەندێشە، ئازایەتی، یەکسانی و برایەتی. بە شێوەیەک کە «ئابراهام مازلو» لە زنجیرە پلەبەندییە پێویستییەکاندا، هەستکردن بە ئەمنییەت بە دوای پێداویستییەکانی ژیان (ئاو و خۆراک و ...) لە دووهەمین پلە وەکوو گرینگترین و سەرەکیترین پێداویستییەکان دادەنێت و پێناسە دەکات (Weleslley١٩٩٠). «جان لونگ»یش لە شێوەی پێویستییە مرۆییەکاندا زنجیرە پلەبەندی و پێوەندی نێوان پێویستییەکان لە چوارچێوەیەک کە بریتییە لە پێداویستییەکانی ژیان، ئەمنییەت، بەستراوەیی، سەروەری و متمانەبەخۆبوون، ئەزمونگەرێتی و ناسینی جوانییەکان لێکۆڵینەوە دەکات و ئەمنییەت وەکوو پێویستییە سەرەکییەکان لە پلەی دووهەمی ئەم دابەشکردنەدا دادەنێت (Carmona at all,٢٠٠٣).

## پێناسەی ئەمنییەت:

ئەمنییەت لەو چەمکە ئاڵۆزانەیە کە پێناسەیەکی سادە لەخۆ ناگرێتەوە، پێش لەوەیکە بابەتێکی شیاوی باس بێت، دیاردەیەکی هەستپێکراو و هەستیارانەیە: یانی دەبێ ئەم متمانەیە لە هزری کۆمەڵانی خەڵکدا، درووست بکرێت بۆ درێژەپێدان بە ژیانی بە بێ ترس و نیگەرانی. ئەمنییەت لە پێناسەی وشەییدا بریتییە لە پارێزگاری لە بەرانبەر هەست بە هێمنی، ڕزگاری لە دوودڵی، لە ئاسایشدا بوون، بە بێ ترس و خۆف ژیان کردن. بە گشتی چەمکی ئەمنییەت بە پارێزراوی لە دەستدرێژی، داگیرکردنی زۆرەملێ بە بێ ڕەزامەندی تاک، نەبوونی ترس و خۆف لە چاو ماف و ئازادی ڕەوا و بە مەترسی نەکەوتنی ئەم ماف و ئازادییانە و پارێزراوبوون لە هەڕەشە و مەترسی مردن، نەخۆشی، هەژاری و ڕووداوی چاوەڕواننەکراو و بەگشتی، ئەو فاکتەرانەی کە ئاسوودەیی مرۆڤ لە نێو دەبات، پێناسەی دەکات.

بە لەبەرچاوگرتنی لێکۆڵینەوەکان دەتوانین ئەمنییەت لە ئاستە جیاوازەکانی وەکوو ئەمنییەتی گشتی، کۆمەڵایەتی، کرداری، شاری، جەستەیی و شوێنی کار ناو ببەین. ئەمنییەت ڕێخۆشکەر و بەستێنی پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییە.

لە ڕاستیدا ئەمنییەت کۆمەڵە هەلومەرج و بارودۆخێکە کە دەبێتە هۆی سەقامگیری و ئاسوودەیی هزر لە کۆمەڵگا و ترس و خۆفیش لە ڕوانگەی تێکڕای خەڵکەوە لە نێو دەبات (Bayat,٢:٢٠٠٨): ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم جۆرەیە ئەمنییەت پێناسە دەکات: ئەوەی کە وڵاتەکان بە هیچ شێوەیەک هەست بە مەترسی هێرشی دەرەکی، زەختی سیاسی یان ئابووری نەکەن و بتوانن بە ئازادی پەرە بە گەشە و تواکانی خۆیان بدەن (Adamei et al,٢٠١١:٦).

## پێناسەی ئازاری جنسی:

هەر جۆرە کردەوەیەکی ناخۆش لەسەر بنەمای ڕەگەزی ئاخاوتنی یان غەیرە ئاخاوتنی بە ئازاری جنسی ناوی لێ دەبردرێت. لە ڕاستیدا ئازاری جنسی جۆرێک لە ملهۆڕیی یان ناچارکردن بە کردەوەیەکی جنسی یان جۆرێک بەڵێندان لە ئەگەری ئەنجامدانی کردەوەیەکی جنسییە کە بۆ تاک ناخۆشە. وشەی ئازاری جنسی لە ساڵی ١٩٧٣ی زایینی لە ڕاپۆرتێکدا بە بەرپرسی دامەزراوەی تێکنۆلۆژی ماساچوست سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ئازاری جنسی پێشکەش کرا. ئەگەری زۆرە ئەم دامەزراوە یەکەمین دامەزراوە و شوێنی کار بێت کە ڕاپۆرتی ئەم مەسەلەیەی پێ دراوەتەوە و یاسا و دەستوری کاری تایبەتی تێیدا پەرەی گرتووە، ئێستە لە زۆرێک لە یاساکانی نوێی جیهان، ئازاری جنسی نایاساییە.

سندووقی گەشەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان: (UNIFEM) بەرابەری پێناسەی ئەم ڕێکخراوەیە ئازاری مرۆڤ (کارمەند خوازیاری کار) بەهۆی ڕەگەزەوە نایاساییە. ئازار دەتوانێ ئازاری جنسی، نزیکی نادڵخواز یان دەستدرێژی جنسی بێت. نزیکی یا هەست کردنی تاک، داخوازی ملکەچبوونی جنسی و ئاکاری ئاخاوتن یان جەستەیی کۆمەڵێک لەو کردەوانەیە کە پێکهێنەری کۆی ئازارە جنسییەکانە. ئازار و ئەشکەنجەی جنسی لە کاتێکدا کە ئەم ئاکارە بە ڕاشکاوی یان بە شێوەی پاڵەکی لەسەر مژوولی تاک کاریگەری یان کاردانەوەی دەبێت، یان بە ڕەفتاری تێکەڵ بە هەڕەشەو گوڕەشەی دەژمنانە یان سووکانە شوێنی کار دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، ڕوو دەدات.

بەپێی یاسای مافی شارستانییەت ١٩٦٤ی ئامریکا، ئازاری جنسی بە دەستپێکی جۆرێک لە هەڵاواردنی ڕەگەزی پێناسە دەکرێ. لە ساڵی ١٩٩٨ یاسایەک لە ئامریکا پەسەند کرا کە ئەگەر ئازاری جنسی لە شوێنی کاردا ڕوودات بەرپرسایەتی دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن کارەکانەوە (کومیسیۆنی دەرفەتە کارییە بەرابەرەکان The EEOC ).

لە ڕاستیدا ئازاری جنسی هەر ئەو توندوتیژییەیە کە بە شێوەی جۆراوجۆر دژی ژنان بەکار دەبردرێت. لەم بابەتەدا دەستدرێژی و زەبروزەنگ خراپترین و توندوتیژانەترین ئازاری جنسییە، بەڵام پانتایی ئەم ئازارە یەکجار بەربڵاوە و کرداری زۆر لەخۆ دەگرێتەوە. ئەمڕۆکە لە تەواوی دنیا پێناسەیەکی کەم تا زۆر و یەکسان لە ئازاری جنسی کراوە.

لە ئێرانی ژێردەسەڵات و حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی، خاوەن کار و زۆربەی هەرە زۆری هاوکارانی ژنانی کارمەند، بە لاتاوی جنسی، پێشنیاری ناخۆش و نەگونجاو، ئازاری زارەکی، چاولێکردنگەلی ئازاردەر، کەڵکاژۆوەرگرتن لە بارودۆخی خێزانداری و هەستکردن بە نزیکی هێندێک لە هاوکارە پیاوەکان کە لە لێکۆڵینەوەکاندا دەردەکەوێت زۆربەیان سەر بە دامەزراوە حکوومەتییەکانی کۆماری ئیسلامین، وەک ئیتلاعاتی، سپای پاسداران و بەسیجی.

## بارودۆخی ئەمنییەتی ژنانی ئێرانی لە شوێنی کاردا:

مرۆڤ و ئەو شوێنەی کە ژیانی تێدا بەسەر دەبات، دووشتی لێک جیانەکراوەن. ئەم کەش و ژینگەیە پانتایی ڕاپەڕاندنی کردەوە کۆمەڵایەتییەکانە و زۆرێک لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا ڕوودەدات. بۆ بەردەوامی و مانەوە هەڵسوکەوت و بەشداری چالاکانەی خەڵک لەم کەشەدا، هەبوونی ئەمنییەت یەکێک لە بنەڕەتیترین پێویستییەکانە. لەم سەردەمەدا بەشداری ژنان لە هەوڵدان و تەقەلای ئابووری، کۆمەڵایەتی و ... هەروەها بەهۆی بارودۆخی ژیان و ئاگابوونی ژنان بە نیسبەت مافەکانیانەوە، حەشیمەتی ژنانی کارمەند لە دووبەشی گشتی و تایبەتی ڕەوتێکی بەرەوزیادبوون لەخۆدەگرێت. کەوابوو یەکێک لە مەسەلە جیددییەکان کە لە بیاقی مژوولی ژنان دێتە بەرباس، هەست کردن بە ئەمنییەت لە شوێنی کاردایە کە لە ئەگەری خەوشدارکردنی، کێشەگەلێکی جیددی و خەساری قەرەبوونەکراو بۆ ژنانی فەرمانگەکان درووست دەبێت. لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان نیشانی داوە کە ژنان بەشێکی زۆر لە تاوانەکان تەجروبە دەکەن کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە دەستدرێژی بکەین. ئەزمونی ئازاری جنسی و توندوتیژی لە بنەماڵە کە ئیسناکۆ (١٩٨٥) بە تەنگپێهەڵچنینی تایبەتی ناوی لێ دەبات، بەشێک لە ئەزموونی ژیانی ژنانە کە دەرخەری خوارتری، سەرکوت و جۆرێک لە کونترۆڵی کۆمەڵایەتییە. ترس لە ئازاری جنسی بۆ سەر ژنان ئەوەندە جیدییە کە دەتوانێت وێناکردنی ئەوان سەبارەت بە شوێن، کات و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێت. ترس لە ئازارە جنسییەکان بەردەوام ئەم مەسەلەیە وەبیر ژنان دێنێتەوە کە پیاوان بەسەر فەزا گشتییەکاندا زاڵن. توندوتیژی و ئازاری جنسی دەبێتە کۆسپ لە بەردەم گەشەکردنی ژنان، بە شێوەیەک کە جووڵەی کۆمەڵایەتی ئەوان لە شوێنە گشتییەکاندا بەرتەسک دەکاتەوە. بەداخەوە ئەم ئازارە لە شوێنە گشتییەکاندا باوترە، بە شێوەیەک کە هەڕەشەی بەردەوامی ئەم جۆرە تاوانانە لە شوێنی کار ڕاستییەکانی جیاوازی کۆمەڵایەتی و مەکانیی بۆ ژنان، پێکهێناوە و بووەتە هۆی هەست کردن بە نائەمنی و کێشەگەلی ڕۆحی، دەروونی و بنەماڵەیی.

ژنان لە بەرانبەر ڕووداوە جنسییەکاندا زیانی زۆر دەبینن، بێدەنگی ژنان لەبەرانبەر ئازاری جنسی، بەهۆی شەرم کردن، ترس لە لۆمە و نەبوونی پشتیوانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم دیاردە زۆرتر گشتی و دەرخەری بارودۆخێکە کە پێوەندی توانایی و نەتوانین دێنێتە نمایش. ئەوەیکە پیاوان لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکاندا ژنان دەکەنە ئامانجی هەڕەشە، بەشێکی لاوازی و ترسە کە دەبێتە هۆی کارتێکەری بگۆڕگەلێک وەک، ڕەگەز، هێز و کۆنترۆڵ.

ئەو تاوانانە کە ئەمنییەتی ژنانی کارمەند لە شوێنی کاردا دەخاتە مەترسییەوە و ئاسەواری زیانبار بۆ ژنان بەجێ دێڵێ و زۆرجار ژنان بەهۆی ترس لە لێدانی بەرچەسپی نابەجێ، لەدەستدانی کار، ئابڕووچوون و گۆشەگیری، لە بەرانبەر ئەم تاوانانە بێدەنگی هەڵدەبژێرن و لە باشترین حاڵەتدا هەوڵ ئەدەن شوێنی کاری خۆیان بگۆڕن و لە خراپترین حاڵەتیشدا تەسلیمی خواستی تاوانکار دەبن.

ترس هۆکارێکە بۆ بێبەشی ژنان و نەرۆیشتن بۆ شوێنە گشتییەکانی شار و چاوەدێریش فاکتەرێکە بۆ دابینکردنی هەست بە ئەمنییەت. گرینگی چاوەدێری لەوەدایە کە ئەو گرووپانەی کە زیاتر مەترسییان لەسەرە وەک ژنان بەهۆی نەبوونی ئەمنییەت، هەلی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری لە دەست ئەدەن و لەم بارودۆخەدا ژنان لە چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوور دەکەونەوە و بێبەش دەبن. لە وەها بارودۆخێکدا شک لەوەدا نییە کە ژنانی فەقیرحاڵ زۆرتر دەبنە قوربانی جورم و جینایەتێک کە لە نەبوونی ئەمنییەتدا ڕوو دەدا. گەرچی لەمەڕ کەمی و زیادی ئازاری جنسی، لە دنیادا ئامارێکی ورد لە بەردەستدا نییە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجومەنی سینفی ڕۆژئاوا کە ساڵی ١٣٨٣ نیشانی داوە ٥٤٪ی ژنان کە لەسەر کار دامەزراون قوربانی سەرنجی پیاوانن کە بریتییە لە کەڵکاژۆوەرگرتنی جەستەیی و لاتاوی زارەکی و....

## دوا وتە:

هەست کردن بە ئەمنییەت وەک یەکێک لە گرینگترین پێویستییەکانی ڕۆحی و دەروونی لە ژیانی هەر مرۆڤێک دەژمێردرێت، ئەم هەستە کاتێک دەگاتە ئاکام کە شوێنی ژیان و کار، جێگایەکی ئەمن و بەدوور لە هەر جۆرە هەڕەشەیەک بێت. پێویستی ئاسوودەیی و هەست بە ئەمنییەت بۆ ژنان دووبەرابەر بکاتەوە. بایەخی ڕۆڵی ژن وەکوو دایک، هاوسەر و جار وایشە وەکوو سەرپەرەستی بنەماڵە پارێزراوبوون لە هەر ئازار و دەستدرێژی کە ژن و چوارچێوەی ژنان لە بواری جەستەیی و ڕۆحی دەخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسی، دەگوازێتەوە بۆ وەچەکانی داهاتوو. بەداخەوە کاتێک لەگەڵ زۆربەی ژنانی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی باسی کار و هەبوونی داهات دەکرێت، هەموو گلەیی لە ناسڵامەتی و نەبوونی ئەمنییەت لە شوێنی کار و تەنانەت شەقام، بازاڕ و کۆڵانەکانی دەکەن. هەبوونە ژنانێک کە لە بەر پاراستنی کەرامەتی خۆیان دەستیان لە کار کێشاوە و سووچی ماڵ و ئاشپەزخانەیان بۆخۆیان هەڵبژاردووە. لەلایەکەوە ژنان ئیتر باوەڕیان بە دامودەزگا یاساییەکان نەماوە، چونکە دەزانن ئەگەریش ڕاپۆرتی ئەم تاوانانە بدەنەوە، بێوڵام دەمێنێتەوە. گەرچی بەدواداچوونی تاوانە جنسییەکان دژی ژنان بە ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە داخوازی خۆیانەوە هەیە، لەلایەکەوە بێدەنگی یاسا و بەڕێوەبەرانی ئینتزامی دژی ئەم تاوانە دامرکاوانە شوێنی بۆ ژنان پڕمەترسی کردووە. ئەوەیکە ئەم بابەتە دەیخاتە بەر سەرنجی ئێمە، ئەمەیە کە لە ڕەوتی ئازاری جنسیدا سێ سووچی تیۆریی «فلسون» یانی تاوانکار بە پاڵنەری مەبەستی گونجاونەبوونی چاوەدێری، بەشداریی کردووە. قوربانییەکان بەهۆی ژێرچەپۆکەبوونیان مەبەستێکی لەبار بۆ داخوازییەکانی تاوانکار، بەرپرسان و مودیرەکانن. نەبوونی چاوەدێری و پێداچوونەوە بە سکاڵای قوربانییەکان ئەم تاوانانەی ئاسان کردووەتەوە.



**ئەمنیەت لە پێناسەی وشەییدا بریتییە لە پارێزگاری لە بەرانبەر هەست بە هێمنی، ڕزگاری لە دوودڵی، لە ئاسایشدا بوون، بە بێ ترس و خۆف ژیان کردن. بە گشتی چەمکی ئەمنیەت بە پارێزراوی لە دەستدرێژی، داگیرکردنی زۆرەملێ بە بێ ڕەزامەندی تاک، نەبوونی ترس و خۆف لە چاو ماف و ئازادی ڕەوا و بە مەترسی نەکەوتنی ئەم ماف و ئازادییانە و پارێزراوبوون لە هەڕەشە و مەترسی مردن، نەخۆشی، هەژاری و ڕووداوی چاوەڕواننەکراو و بەگشتی، ئەو فاکتەرانەی کە ئاسوودەیی مرۆڤ لە نێو دەبات، پێناسەی دەکات**

# هونەرمەندێک لە ڕەنگاڵەی هونەرەکان



لە سەردەمە جیاوازەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا هونەرمەندان ڕۆڵێکی کارا و کاریگەرییەکی بەرچاویان لەو کۆمەڵگایەدا هەبووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرەڕای ئەوەیکە هونەر چەمکێکی فرەڕەهەند و پڕلقوپۆیە، بەڵام هاوکات چەمکێکی گشتگیرە و هونەرمەندان لە کۆمەڵگادا خاوەن جەماوەری تایبەت بە خۆیانن و تەنانەت ئەگەر بە گوێدانی گۆرانییەکان یان بینینی دراماکان و ... بێت، دەتوانین بڵێین کە هونەر لە نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا پێگەیەکی بەهێزی هەیە و دەتوانێت کاریگەریی خۆی بە بواری پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤدا هەبێت.

سەرەڕای ئەوەیکە زۆرجار دەوترێت هونەر سنوورەکان دەبەزێنێت، بەڵام لە کۆمەڵگا جیهانییەکان، ڕێکخراوە نێونەتەوییەکان و بەتایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ساڵانە هونەری نەتەوە جیاوازە خاوەن دەوڵەت و بێدەوڵەتەکانی جیهان، بە فستیڤاڵگەلێکی جۆراوجۆرەوە هەڵدەسەنگێندرێت و جیاوازی هونەری هەر نەتەوەیەک لەوێڕا دەسەلمێندرێت.

وێڕای ئەوەیکە نەتەوەی کورد خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ و دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەریی یەکگرتوو نییە و بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە کە لە باری دابونەریتدا جیاوازییان هەیە، کورد نەیتوانیوە بەپێی ئەوەیکە چاوەڕوانی لێدەکرێت یان بەپێی ئاستی نەتەوەیی خۆی پەرە بە هونەر، کەلتوور، فەرهەنگ و دابونەریتی خۆی بدات، بەڵام هونەر و کەلتووری ئەم نەتەوەیە بە هۆی خزمەت و ماندووبوون و هەروەها ئەرک و تێکۆشانی هونەرمەندانی کوردستان، لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا تا ڕادەیەک خاوەنی پێگەی خۆیەتی و ناسراوە لەم وتارەدا تیشک دەخرێتە سەر کەسایەتییەکی نەتەوەیی و هونەرمەندێکی ناوداری گەلەکەمان، مامۆستای کۆچکردوو عەباس کەمەندی، کە بە مامۆستای ڕەنگاڵەی هونەرەکان و مامۆستای حەوت هونەر ناسراوە، کە لە درێژەی ئەم بابەتەدا زۆرتر مامۆستای حەوت هونەر دەناسێنین.

عەباس کەمەندی، گەورە هونەرمەندی بەناوبانگی کورد، لە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی، لە گەڕەکی قەتارچیانی شاری «سنە»ی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەدایک بووە و هەر لە تەمەنی منداڵی و لە تەمەن ١٦ ساڵیدا خۆی بە هۆنینەوەی شێعر و چیرۆکنووسییەوە سەرقاڵ کردووە و بە وتەی خۆی، لاسایی هیچ کەس و هونەرمەندێکی پێش خۆی و سەردەمی خۆی نەکردووەتەوە، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا و لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاویدا لە کێبڕکێی چیرۆکنووسی لە ڕادیۆ دەنگی شاری «سنە»دا بەشداریی کردووە و پلەی یەکەمی هێناوەتەوە.

لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا هۆگریی ئەدەبی کوردی بووە و هەر لەو تەمەنەیشدا ئاوارەی حەز و خولیاکانی بووە و پەرەی بە هونەرەکەی داوە و لە تەمەنی ١٩ ساڵی و لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاویدا بەرپرسیارەتیی ئاوازدانەریی خانەی فەرهەنگ و هونەری پێ سپێردراوە و لە تەمەنی ٢٣ ساڵی و لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاویدا ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە. مامۆستا عەباس کەمەندی، جیا لە هونەری گۆرانیبێژی، لە بوارەکانی هۆنینەوەی شێعر، چیرۆکنووسی، ئاوازدانەری و مۆسیقا، دەرهێنەری، نیگارکێشی و هەروەها نووسین و ڕۆماننووسی، دەستێکی باڵای هەبووە و بەم هوکارەشەوە بە مامۆستای حەوت هونەر ناوبانگی دەرکردووە و ناسراوە. عەباس کەمەندی چوار ئاڵبۆمی مۆسیقای بە ناوەکانی گەلاوێژ_ هەورامان _ پڕشنگ _ کیژی لادێ و زیاتر لە ١٥٠ گۆرانی خوێندووە، جیا لەوەی کە شێعری شاعێرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی و بەتایبەت شاعێرە هەورامییەکانی خوێندووەتەوە کە زۆربەی گۆرانییەکانی عاشقانە بوون، زیاتر لە ٦٠ بەرهەمی، خۆی هەموو کارەکانی ئەنجام داوە و بڵاوی کردوونەتەوە، هەروەها لە نووسینی شێعریشدا کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو بووە و بڕێک لە گۆرانییەکانی شێعری خۆیەتی.

ئەو هونەرمەندە جیا لەو کارانەی کە ئاماژەیان پێ کراوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر ژیانی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد کردووە و ژیاننامەیانی کۆ کردووەتە و چەند دانەیەکیانی وەکوو سنجەرخان، سەیدعەتا کەل، پاڵەوان حوسێن گوڵزاری کرماشانی و لەگەڵ چەند نووسینێکی تری وەکوو بەتاڵانبردنی ئاسەوارەکانی زیۆیە، میری نەورۆزی و ... بە دیکۆمێنتاری دەرهێناوە، هەروەها فیلمنامەکانی «ئەسپ، سەوەتەیەک ئاڵف، فڕین لە قەفەسدا، میراتی مام ڕەحیم، ئەندامی نوێی ئۆپێک، شەڕی ڕۆمادییە، کۆڵانی سوور، کاروانسەرا، پارێزەری یەکەم، قەڵەم و شەیتان و پاڵەوان پەمەی نووسیوە و بە سازدانی چەندین فیلم بە شێوەی زەنجیرە دراما، سینەمای کوردی ڕازاندووەتەوە.

مامۆستای حەوت هونەر، خاوەنی گەلێک بەهرەی نووسراوە و پەڕتووکە، کە بریتین لە: دیوانی شێعری کوردی و فارسی، کۆکردنەوەی شێعری دیوانی میرزا شەفێع، وەرزشی کەونارایی و پاڵەوانی کورد، هەورامان، ژیاننامەی سەید عەلیئەسغەر کوردستانی، کردنەوەی ڕەمزی دەرکەوتە فەرهەنگییەکان، کۆکردنەوەی شێعرە هیجاییەکانی پێش سەردەمی ئیسلام، نووسینی ئەدەبیات و فۆلکلۆری کوردستان، کە ٦ هەزار لاپەڕەیە و لە کتێبخانەیەکی شاری تاراندا پارێزراوە، نووسینی ٤ ڕۆمان، نووسینی دوو کتێبی شێعر بە زمانەکانی کوردی و فارسی، نووسینی فیلمنامەی ٣٠ فیلمی درێژ و کورت و هەروەها زیاتر لە ١٠٠ تابلۆی نیگاری کێشاوەتەوە. ەو هونەرمەندە کوردە، سەرەڕای هەموو ئەرک و ماندووبوونێکی لە پێناو خزمەتکردن بە فەرهەنگ، دابونەریت، کەلتوور و ئەدەب و هونەری کوردی و پاراستننی شوناس و کۆڵەکەی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، هاوکات هەوڵی بۆ پەرپێدان و گەشەکردنی هونەریش لە نێو نەوەکانی داهاتوو و پاش خۆی داوە و لەم ڕاستایە و لە ئێستاشدا یەکێک لە کچەکانی خۆی بە ناوی «چنوور»، ڕێچکەی هونەریی گرتووەتە پێش و ڕێگای باوکی (مامۆستا عەباس کەمەندی) درێژە پێ داوە و زیاتر لە دە ساڵە لە بوارەکانی دووبلاژ و نیگارکێشیدا چالاکی هونەری دەکات.

چنوور کەمەندی، لە دیمانەیەکی میدیاییدا لەسەر ژیان و هونەر و خزمەتەکانی مامۆستا عەباس کەمەندی، ساڵی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو، کە باوکی ژیاننامەی خۆی نووسیوەتەوە و دەیانهەوێت بە هەردوو زمانی فارسی و کوردی بڵاوی بکەنەوە، هەروەها چەندین بەرهەمێکی ئەو هونەرمەندە وەکوو: چەند فیلمنامەیەک، دراما و گۆرانی بێ مۆسیقای هەیە کە هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە و لە ئێستادا خەریکی کۆکردنەوەیانن و بە زووترین کات بڵاویان دەکەنەوە، خاتوو چنوور لە درێژەی باسەکەیدا داوای لە نووسەران و بەتایبەت وەرگێڕەکانی کوردی کردووە کە وەکوو وەفایەک بە خزمەت و ماندووبوونەکانی مامۆستای حەوت هونەر، ئەو کتێبانەی مامۆستا عەباس کەمەندی، کە بە زمانی فارسی نووسراون و بڵاو کراونەتەوە، وەریان بگێڕنەوە سەر زمانی کوردی و جارێکی تر بڵاو بکرێنەوە.

# زیرەک قوتابخانەیەکی نەمر بۆ مۆسیقای کوردی

**کیژان ڕۆژهەڵات**

حەسەن زیرەک لە دایکبووی ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوییە، ژیانی پڕ لە مەینەت و نەهامەتیی ئەم هونەرمەندە لە سەردەمی منداڵی و بەمردنی عەبدوڵڵای باوکی دەست پێ دەکات، پاش مردنی باوکی زیرەک، ئامینەی دایکی سەرلەنوێ مێرد دەکاتەوە و ئەوجا لەبەر زەبر و زەنگی زڕباوک، زیرەکی تەمەن دوازدەساڵ عەوداڵ و ئاوارەی شار و دێیان دەبێ، لەم ماوەیەدا بژێویی ژیانی زیرەکی دەنگخۆش بە کرێکاری پەیدا دەبێت، دەنگی زیرەکی لاو تەنیا سەرنجی خەڵکی ئاسایی قاوەخانەکان و مەزرا و کێڵگە و شار و گوندەکانی کوردستانی ڕانەکێشاوە، بەڵکوو ئەم قاسپەیە جێگای تەماح و سەرنجی شا و ساواکیش دەبێت و هەر ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی چارەڕەشی و عەوداڵیی زیرەک. زیرەک لە بەغداد، تاران، تەورێز، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەشی کوردیی ڕادیۆکاندا کاری کردووە و گۆرانی گوتووە. ئەو هونەرمەندێکی جیهانییە. سەرەتا کە لەمەڕ ڕەشوڕووتی و نەبوونی سەری خۆی هەڵدەگرێ ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان، ئەوجا لە ڕادیۆی بەغداد دادەمەزرێ و زیرەکی قاوەخانەکان دەبێتە ناسراوی باشوور تا ڕۆژهەڵات و بەغداد تا تاران و تەورێز، پاش گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵات و ئێران، ساواک و شا هیوایەتیان ئەوەیە کە زیرەک لە ڕێگەی دەنگەکەیەوە بۆ سیخوڕی جێگای خۆی لە ناو کوردانی باشووردا بکاتەوە هەر بۆیە بەمەبەستی ڕاکێشانی زیرەک بە لای خۆیانەوە لە ڕادیۆکانی سنە، کرماشان، تاران و تەورێز دادەمەزرێ و ماڵ و منداڵی بۆ پێک دێنن و وەک خۆی دەڵێ ئەو چەند ساڵەی کە لەم ڕادیۆیانەدا کار دەکات و میدیای زەندی هاوسەری دەبێ، خۆشترین ساتەکانی ژیانی زیرەکن. زیرەک لە ماوەی تەنها دوو ساڵ کارکردن لە ڕادیۆی تاراندا ١٥٠٠ گۆرانی تۆمار دەکات. و بەگشتی خاوەنی ٢٠٠٠ مێلۆدی و نێزیک بە ٤٠٠٠ گۆرانییە، ئەو لە کاتی گۆرانیگوتندا شێعری بۆ هاتووە و وتوویەتی، گۆرانییەکانی زیرەک وێڕای ئەوەی تەژی لە وەسفی ئەشق و دڵداری و جوانین، دە هێندەش باسی سروشتی کوردستان و مێژوو و ئەدەب و کلتوور و فۆلکلۆری کوردستان و سیاسەت دەکەن. شای ئێران بە زیندانیکردن و ئازار و ئەشکەنجە ناچاری دەکات بەویدا هەڵ بڵێتەوە، بەڵام ئەم ناچارکردن و نابەدڵ گۆرانیی گوتنە نابێتە مۆری شاپەرەستی و کوردپەروەرنەبوون بە نێوچاوانی زیرەکەوە.

چەند گۆرانیی زیرەک:

کاتێک ڕێژیمی شا بەتەمای دابڕاندنی کرماشان لە کوردستانە، زیرەک بە کرماشاندا هەڵدەڵێتەوە و بە تۆمارکردنی گۆرانیی «کرماشان شاری شیرینم، شاری جوانی کوردنشینم» یەکقۆڵی شۆڕشێک دەکات و هەستی کوردایەتی و بەکوردبوونی کرماشان لە نێوان کرماشانیاندا دەگەیێنێتە لووتکە و پیلانەکەی شا هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەو بە گوتنەوەی شێعری «نەورۆز»ی پیرەمێرد، بۆنەی نەورۆز دەگەڕێنەتەوە باوەشی مێژووی ڕاستەقینەی خۆی و بۆ هەتاهەتایە نەورۆزی کوردەواری گرێ دەداتەوە بە مێژووی نەتەوەی کوردی بێدەوڵەت و بندەستەوە هەرچەند کە بەزۆری شێعرەکەیان پێ دەستکاری کردووە بەڵام گڕوتینە کوردانە و مێژووییەکەی زۆر بەهێزتر و بەرچاوترە. باش دەبێ ئەگەر ئاوڕێکیش لە گۆرانیی «لەو سەرەی دەنگی ساز دێ»ی حەسەن زیرەک بدەینەوە:

«ساڵان دەچوومە باخی شەقڵاوا، ئەوساڵ پیربووم لە دووریت جەرگم بڕاوە»
«ئەوساڵ بەهارمان لێ بوو بە زستان، گۆڵاڵەی سوورم بوو بە خوێنی یاران»
«ئەوساڵ بەهارمان بەبێ بارانە، گۆڵاڵەی سوورم خوێنی یارانە»، «ساڵان بەهارێ دەچوومە سەیران، ئەوساڵ بەهارم لێ بوو بە زستان، لە هەر چوارلاوە شاییە و بەڕیزە، خەنەبەندانە و شینی ئازیزە»، «ساڵان دەچوومە شاخی کوردستان، ئەو ساڵ وشک بوو، لێم باغ و بێستان»، کام گۆڵاڵەی سوور؟ خوێنی کام یار؟ شینی کام ئازیز؟ کەم کارەساتی جەرگبڕ زیرەک پیر دەکات؟ زیرەک زۆر بە زیرەکی و لە ژێر چەمکی ئاشقانە و دەستبازی و ئەشقبازیدا شینی بۆ پێشەواقازی محەممەد و برا و کوڕەمامەکەی گێڕاوە کە لە بەهاری ساڵی ١٣٢٦ی هەتاویدا لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە لایەن ڕێژیمی شاوە لە سێدارە دەدرێن و ئەو بەهارە دەکاتە زستان.



پاش ئەوەی زیرەک نابێتە پیاوی ساواک و سەر بۆ فەرمانەکانی شا بۆ سیخوڕیکردن و بوون بە ئامێری براکوژی دانانەوێنێ و پاش بڵاوکردنەوەی بەرهەمی «چریکەی کوردستان»، دیسان ڕۆژی ڕەش و شەوی زەنگ دەبێتەوە، لە ڕادیۆ کرماشان دەر دەکرێ، هاوسەرگیریی لەگەڵ میدیای زەندی هەڵدەوەشێننەوە و لە ساکار و ئارەزوو دادەبڕێ، لە ڕادیۆ تاران و بە فەرمانی شێخ عیزەدینی سیراجەدینی ڕێگای پێ نادەن بچێتە ژوورەوە و شوکروڵڵای بابان دەڵێ؛ «هەزار و پێنسەت گۆرانیی زیرەکمان هەیە، چیتر پێویستمان بەو نییە»، زیرەک دەڵێ: «بمرم و بچمە ژێرگڵ، مرۆڤی کورد نەبینم»، بەڵام نەک هەر کوردێک ئەو کوردانەی کە بۆ مانگی ٣٠٠ تمەن هونەر دەتوێننەوە، هونەرمەندی کورد دەربەدەر دەکەن، هونەرپەروەر دەسڕنەوە. لە ڕادیۆ بەغدادیش ڕێگای پێ نادرێت، پاشان ڕوو دەکاتە گوندی کانی مەلا ئەحمەد و بە کردنەوەی چاخانەیەک لەو دێیە، دەبێتە هۆی ئاوەدانی و گەشەکردن و قەرەباڵغیی ناوچەکە. ساواک لێرەش لێی ناگەڕێ و دیسان چەقۆکێش و لات دەنێرێتە سەری و چەند جار بەمەبەستی کوشتن لێدان و کوتانی زیرەک دەکەن، دواجار زیرەک ئەوێش بە جێ دێڵێت؛ «جێم نییە تیا بسرەوم خاکم بەسەر بێلانە خۆم...». زیرەک دەیتوانی لەسەر داخوازیی شا و ساواک گۆرانیی فارسی بڵێت و بۆ هەمیشە لەو بێمیهری و لێدان و گیران و ئازار و ئەشکەنجەیە ڕزگاری ببێ، بەڵام قەبووڵی نەکردووە تا دواجار نەخۆش دەکەوێت کە پاش چەند ساڵ ناڵاندن بەدەم نەخۆشی و ژەهراویبوونەوە لە ڕۆژی ٥ی مانگی پووشپەڕی ١٣٥١ی هەتاویدا دەمرێ.

- ئەم ژەهرخۆرکرانەی زیرەک لە لایەن ساواکەوە قەت دانی پێدا نانرێت، بەڵکوو لە لایەن پەرەستارێکی نەخۆشخانەکەوە و بەنهێنیی خێزانەکەی لە ژەهراویبوونی زیرەک ئاگادار دەکرێنەوە- پاش مردنی زیرەک تاقمێکی پزیشکیی ئامریکا سەردانی بنەماڵەکەی دەکەن و داخوازیی کڕینی گەرووی زیرەک بە مەبەستی ئەنجامی تاقیکاری و لێکۆڵینەوەی پزیشکی لەسەر حەنجەرەی ئەویان ئاراستە دەکەن، کە ڕابەخانی خێزانی لە ڕووی هەست و سۆزییەوە بۆ زیرەک دەبێتە بەرهەڵست و بەداخەوە بێئاگا لەوەی کە ئەم کارە دەبووە هۆی ئەوەی کە ئێستا حەنجەرەی زیرەک لە کتێبی گینێسدا تۆمار کرابوو و دەیان و سەدان نازناو و نێوبانگی دیکە. پێشگری لەم کارە دەکات- حەنجەرەی زیرەک بەراورد بە حەنجەرەی کەسانی دیکە، وەک بەراوردی مێشکی ئانشتاین لەگەڵ مێشکی کەسانی دیکەیە. سەرەڕای ئەوەیکە زیرەک وەسیەت دەکات لەسەر شاخی ناڵەشکێنەی بۆکان بینێژن، لە گۆڕستانی گشتی دەینێژن کە چەند جار لە خەوی برا و خوشک و ڕابەخانی خێزانی و مەلای ئایینیی ئەوکاتی بۆکان، داوای گواستنەوەی تەرمەکەی بۆ ناڵەشکێنە دەکات کە ئەم کارە پاش نزیکەی چل ڕۆژ دوای مردنی جێبەجێ دەکرێت و گۆڕەکەی دەگوازنەوە بۆ ئەو چیایە.

«زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر
ژینت لە پێناو هونەر بردە سەر
با وەکوو لە ژین نەحەسایەوە
پەژارەت زۆر دی زۆر چەوسایەوە
ڕۆژگارت ساتێ بەبێ خەم نەبوو

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:755 · 6 August 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی ٩٨ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.





### هێمایەک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:

#### دەسبەسەرکردن:

ڕۆژی شەممە، ٢٩ی پووشپەڕ، هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم پاش بانگهێشتکردنی هاووڵاتییەک بە ناوی «عەبدوڵڵا وەیسی»، تەمەن ٤٤ ساڵ، خەڵکی گوندی «گوڵچێر»ی شاری مەریوان، ناوبراویان دەسبەسەر کرد.

ڕۆژی شەممە، ٥ی گەلاوێژ، دوو هاووڵاتیی خەڵکی باشووری کوردستان، لە شاخی کێلەشین، لە سنووری شاری شنۆدا، لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کران. هەواڵنێری کوردپا، شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردەی بە ناوەکانی «خالید حەمید و محەممەد عەزیز»، ڕاگەیاندووە.

ڕۆژی شەممە، ٥ی گەلاوێژ، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەرماڵی چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی «پەروین ئەدوایی»، ناوبراویان دەسبەسەر کرد.

ڕۆژی شەممە، ٥ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عومەر ئەبروون»، خەڵکی گوندی «دربکە»ی شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا. هەروەها، دوو لاوی کورد بە ناوەکانی «شاهۆ ئەخترکاوان و حەمدی ئەخترکاوان»، پاش بانگهێشت بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان، دەسبەسەر کران.

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٠ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەید ڕەزا ئەحمەدی»، کوڕی سەید عەلی، خەڵکی گوندی «ترکەش»ـی سەر بە شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

#### ڕاگواستنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

ڕۆژی شەممە، ٥ی گەلاوێژ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «فەتاح عەلی کورد»، خەڵکی» نەرزیوێ» و «یوونس شەریفی» خەڵکی گوندی «قەزنئاوێ»ی شاری شنۆ، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەیان، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کران.

ڕۆژی شەممە، ٥ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم مەردانی»، خەڵکی شاری بۆکان، پاش تەواوبوونی قۆناغی لێپرسینەوەکەی لە گرتنگەی ئیتلاعاتی ورمێ، بۆ زیندانی شاری بۆکان ڕاگوێزرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مەجید دەریایی»، خەڵکی شاری شنۆ، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لاوێکی شنۆیی بە ناوی «ئاسۆ گەرمێنی» کە لە لایەن دادگای ئینقلابی ورمێیەوە، بە ساڵێک زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

#### مەحکووم کردنی هاووڵاتییان بە زیندان و سزای نەختی و لێدانی قامچی:

لقی ١٠١ی دادگای کەیفەریی ٢ی شاری کەلات، بە سەرۆکایەتیی «حوسێن موختاری فەرد»، دوو هاووڵاتیی کوردی بە ناوەکانی «مێهدی گەنجبەخش»، خەڵکی شاری کەلات و «کامبیز کازمی»، خەڵکی شاری ڕوودباری گیلان، بە چوار ساڵ زیندان و سزای نەختی مەحکووم کرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ٦ی گەلاوێژ، حوکمی لێدانی ١٠٠ قامچی لە «پەیمان میرزازادە»، گۆرانیبێژی کورد، لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، لە لقی چواری دادگای تاوانەکانی ئەو شارەدا بەڕێوەچوو؛ ناوبراو سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئەو حوکمەوە، مانی لە خواردن گرتووە. پێشتر لە لایەن لقی ١١٠ی دادگای ئینقلابی گشتیی شاری ورمێ، ناوبراو بە تۆمەتی «خواردنی مەشرووب و هەروەها بێڕێزیکردن بە پیرۆزییەکان»، ئەو حوکمەی بە سەردا سەپابوو.

#### ناڕوونی چارەنووسی هاووڵاتییان:

چارەنووسی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدوڵڵا وەیسی»، تەمەن ٤٤ ساڵ، خەڵکی گوندی «گوڵچێر»ی شاری مەریوان، کە ڕۆژی ٢٩ی پووشپەڕی ئەمساڵ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو، ناڕوونە.

#### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی دووشەممە، ٣١ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «هادی حەیدەری»، خەڵکی گوندی «زیران» و دانیشتووی شاری جوانڕۆ، لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری شاری نەوسوودا، بریندار بوو.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٥ی گەلاوێژ، کاسبکارێکی کوردی خەڵکی شاری شنۆ، بە ناوی «نەسیر مەعرووفی»، تەمەن ٢٧ ساڵ، خەڵکی گوندی «کانی ڕەش»ـی شاری شنۆ، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، لە بەرزاییەکانی کێلەشیندا بریندار کرا.

ڕۆژی سێشەممە، ٨ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عەلی بەهرامی»، خەڵکی هەورامان، لە بەرزاییەکانی تەتە بەربووەوە.

ڕۆژی سێشەممە، ٨ی گەلاوێژ، کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «محەممەد چووکەڵی و محەممەد حوسێنزادە»، خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران پێکران. ئەم دوو کۆڵبەرە کوردە لە لای ڕان، پشت و دەستیان بریندار بوون.

#### تەقەی هێزەکانی حکوومەتی لە ماشینی کاسبکاران:

ڕۆژی پێنجشەممە، ٣ی گەلاوێژ، ماشینی کاسبکارێکی کوردی خەڵکی گوندی «سەبەدلوو»ی سەر بە شاری بانە، کەوتە بەر دەسڕێژی گوللەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان.

کاتژمێر ٨ی شەوی شەممە، ٥ی گەلاوێژ، مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان، لە گوندی «حەسار»ی شاری بۆکان، لە کاتی ڕاوەدوونانی سێ کاسبکاری کورد، تەقەیان لە ماشینی ئەو کاسبکارانە کرد. ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی کوردپا باس لەوە دەکات کە هێزە ئینتزامییەکان، بە گومانی هەڵگرتنی شتومەکی قاچاخ، دەستیان بە تەقەکردن لە ماشینی ئەو سێ کاسبکارە کوردە کردووە.

#### ئێعدام لە کوردستان:

سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ١ی گەلاوێژ، دوو ژن بە ناوەکانی «نازدار وەتەنخا» و «ئاراستە ڕەنجبەر»، بە تۆمەتی «کوشتن»، لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێدا، لە سێدارە دران.

#### گیان لە دەستدانی کرێکاران:

ڕۆژی پێنجشەممە، ٣ی گەلاوێژ، کرێکارێکی کوردی خەڵکی گوندی «وەڵەژێر» سەر بە شاری مەریوان، بە ناوی «بێهنام تارین»، کوڕی عەبدوڵڵا لە کاتی کارکردندا تووشی ڕووداوی کار بوو و بەو هۆیەوە گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی شەممە، ٦ی گەلاوێژ، لاوێکی کورد بە ناوی «دانیال خدری»، خەڵکی شاری سنە، لە کاتی کارکردن لە دوکانەکەی باوکیدا، بە تەقینەوەی کۆمپرێسۆر، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی سێشەممە، ٨ی گەلاوێژ، کرێکارێکی تەمەن ٣٢ ساڵ، خەڵکی شاری سنە، بەهۆی کارەباگرتوویی گیانی لەدەست دا.

«کامران مەنسووری»، بەرپرسی ئاگرکوژێنەوەی شارەداریی شاری دیواندەرە، باسی لە گیانلەدەستدانی کرێکارێکی تەمەن ٥٠ ساڵ کرد کە بەهۆی کەوتنە نێو چاڵاو، گیانی لەدەست داوە. کامران مەنسووری» ڕایگەیاندووە: «ئەو کرێکارە کوردە خەڵکی گوندی ڕەشیدئاوای شاری دیواندەرە بووە کە لە کاتی کارکردندا کەوتووەتە نێو چاڵاو و گیانی لەدەست داوە».

#### خۆکوژی ژنان و پیاوان لە کوردستان:

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ بە ناوی «سروە ئیبراهیمی»، خەڵکی شاری سەردەشت، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. لە لایەکی دیکەوە، لاوێکی تەمەن ٢٤ ساڵ، بە ناوی «سیاوەش عەزیزی»، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی هەینی، ١١ی گەلاوێژ، کرێکارێکی کوردی خەڵکی شاری سەقز بە ناوی «عەباس فتووحی»، کوڕی عەبدولقادر، بەهۆی بێکارییەوە، خۆی کوشت. لە چەند ڕۆژی ڕابرووەدا، ژن و پیاوێکی لاو لە شارەکانی سەقز و شنۆ، بە هۆکاری جۆراوجۆر کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا. شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە بە ناوەکانی «ئیلهام ئەمیری» خەڵکی شاری سەقز و «محەممەد ڕەزا باشەڕافەت» خەڵکی شاری شنۆ، ڕاگەیاندراوە.

**سەرجەم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دوو حەوتووی ڕابردوودا، بە پێی ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ٤٨ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و هەروەها ٩ حاڵەتی خۆکوژی تۆمار کراوە. ئەم ئامارانە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی کوردپاوە وەرگیراون و پێدەچێ کە ئاماری ڕاستەقینە زۆر لەوەش زیاتر بن.**



